


# دەستەواریێ نان بۆ مێژوو... لێکۆڵەرینەوەیەکی پڕلە ئەزمونی داهێنان

***

خوێندنەوەی: عەبدوڵلا کەریم مەحمود

یەکێك لە لێکۆڵینەوە چڕوپڕە هەمەلایەنە بەرفراوانەکەی، نوسەرو ڕۆژنامەنوسی بەتواناو خاوەن ئەزمونی گەلەکەمان مامۆستا کەمال رەؤف محەمەد بابی لالۆ بەناوی:

( دەستەواریێ نان بۆ مێژوو) لە٦٦٦لاپەرەی قەبارە ناوەندا، بەتیراژی١٥٠٠دانە، لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە - وەزاروتی ڕۆشنبیری - زنجیرەی ٢٤٤ مۆنتاژی کۆمپیتەر: مەهدی ئەحمەد قادر، چاپی یەکەم لە سلێمانی لە٢٧/٥/٢٠٠٤ ، ڕازانەوەی بەرگی کتێبەکەو هەڵچنی لەلایەن لێکۆڵەر خۆیەوە کراوە، ژمارەی سپاردنی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٧٠ ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پێبەخشراوە، لە ناواخندا لێکۆڵەرەر، لێکۆڵەرینەوەکەی بەسەر ١٧ زنجیرەی جیادا دابەشکردوە لە زنجیرەی(١) دا، مەزبەتەیێکی بێزاری سلێمانی بۆ سولتانی عوسمانی لەلاپەرە١٣دا خستوەتە ڕوو، لەپێشەکیدا باسی لاپەڕەکانی مێژووی کردووە کە پڕن لە نوسراوی مێژوویی نوسەران چ کورد و چ بێگانە، هەندێ لەوانە باسی زوڵم و ستەمی دەوڵەتی عوسمانی کردووە، کە سێ سەدە کوردستانی داگیرکردوەو، کوردی چەوساندۆتەوە.

بەڵگەنامەیە بۆ یەکەم جار ئاشنا دەکەم کە نوسراو مۆر لێ دراوی (زاناکانی ئاینی ئیسلام، بازرگانەکان، پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی س ۱۹۰۲ لە ئەوانەی سەربەخۆکان، گەر بڕوانینە ئەو(بەڵگە مۆرکراوانە) ئەو مەزبەتە مەردانە لە ڕوی تاوانەکانی(جەمال بەگ) نێوی موتەسەریفی سلێمانی هەڵگەڕاونەتەوەو بە (ئاشکرا) مەزبەتەی بێزاریان لێ نوسیوە و بەرەو رووی (سوڵتان عەبدولحەمید دووەمی عوسمانیان کردوەتەوە، لە لاپەرە۱۵ دا باسی مەزبەتەکەی وەك بەڵگەنامەیەك کردووە، مەزبەتەکە لەسەر کاغەزێکی زەردباوی ٤١×٥٦ سم و لەبەرگێکی ۱۳×٥٦ سم دا، سکالاییکی گرتووەتە خۆی، لە ژێرەوە نێوو مۆری ۱۰٦ کەسی خەڵکی سلێمانی پێوەهەیە، کەنۆزدەیان لەبەر هەر هۆیەك بێت مۆری خۆیان لێ نەداوە، ڕۆژی نوسینی مەزبەتەکە دیاریی نەکراوە، بە لاّم بەڕۆشنای سێ مێژوو دی، پێ دەچێ کە دواوی ئەوان و لە سنوری ئەو ڕۆژانەدا، بەشێوەی بروسکە بۆسوڵتان و سەروەزیران ـ سەدری ئەعزەم لێ درابێ !

لێکۆڵەر زیاتر ڕۆشنایی خستوەتە سەر مەزبەتەکە، کەوەك گەنجینەی ناسراوێکی گەورەی سلێمانی هەڵگیراوە ـ خۆیشی یەکێ بووە لە بەشدارەکانی ـ لای من دیارە کە پاکنوسێکی تەواوەو دوای سێ مەزبەتەی بەبروسکە لێدراوی ڕۆژانی(۱۵، ۲۰، ۱۹۰۲/۱/۲٤ ) بۆ سوڵتان لێ دراوە، لێکۆڵەردەڵێت (ئەو سێ بروسکەیەو ئەم مەزبەتەیە لە(تەلەگرافخانە) بەفیتی موتەصەریف دەستیان بەسەردا گیراوەو نەگەیشتوەتە دەستی صوڵتان.

لێکۆڵەر دەروێشانە هەوڵی داوە لەلێکۆڵەرینەوەکەی دا پەی بە هەموو لایەنە نهێنییە پڕ لە پەنهانەکانی ئەو سەردەمە ببات، لەبارەی ڕۆژگاری ئەوسای سلێمانی ، لەبەر ئەوە پەنای بردوەتە بەرچەند تێڕامانێکی ورد بۆ ئەمەش سەیری ساڵنامەی هەرێمی موسڵی کردووە لە ۱۹۹۰ وە بۆ ئەوەی بزانێ دانیشتوی ئەوسای سلێمانی چەند بووە، کەخۆی لە(۸۹٦۳) کەس داوە، بەم پێیە دانیشتوانی سلێمانی لەساڵی ۱۹۰۲ دا بە (٦-۷) هەزار دیاری کردووە، مەزبەتەکە لە ڕستەو گوتارو بانگەوازەکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی (کوردستان(۱۸۹۸-۱۹۰۲) ە کەگەلێ جار داوا لە چینە دەسەلاّتدارەکان و زاناکانی ئایین و گەلی کورد کردووە

تا لە ڕوی سوڵتان و کاربەدەست و دام و دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگەڕێنەوە، ڕەفتارە پڕلە چەوتەکانی تاوانی دزی و بەرتیل خواردنیان ڕسوا بکەن، لە وشەو ڕستەکانیدا، هەڵوێستێکی یەکگرتو دەبینین دژی موتەسەریف ـ لەڕوی سولتان، ئەمەش دەبێتە مایەی پێوانەیەکی مێژوویی و زانستی، ئەم کارە دەچێتە خانەی رووبەڕووبونەوەی داگیرکەر، نرخ و بەهایەکی گرنگی لە مێژودا هەیە، هەرلە لاپەرە (١٧-٢٣) دا، مەتنی تەواوی مەزبەتەکەو ناوی ئەو زاناو خەڵکەی بلاوکردوتەوەکە (١٠٦) کەسە، کەمەزبەتەکەیان دژی موتەسەریف بۆ سوڵتان بەرزکردوتەوە، لەئەنجامدا ئاماژەی بەوە کردووە کە مەزبەتەکە بەڵگەیەکی تەواوە خەڵکی سلێمانی، شاری بەبە، چەند مەردانە دژی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بەکردەوە وەستاونەتەوە، بەلام ئەوەی مایەی تێڕامانە کە مەزبەتەکە هیچ ئەنجامێکی نەبووە، ئەمەش یا وەلام نەدراوەتەوە یا موتەصەریف خۆی بەنهێنی نەیهێشتووە مەزبەتەکە بکەوێتە دەستی سوڵتان.

لێکۆڵەر لە زنجیرەی(٣) دا بەوردی لەبارەی (جەمعییەتی ئیتیحادوتەرەقیی عوسمانی لقی سلێمانی-١٩٠٨ تویژینەوەی کردووە، لە ڕێڕەوی باسەکەیدا لەسەر زمانی دار.رامزور Ernest E.Ramsuar

(لەمەڕ مێژووی بزاڤی سیاسی دەڵێت: لە مایسی١٨٨٩ز دا ، بەشێوەیەکی نهێنی، چوار خوێندکاری مەکتەبی پزیشکی سەربازی، ئیبراهیم ئەلبانیایی دامەزرێن و هاوەڵەکانی محەمەد رەشید چەرکەسی و ئیسحاق سکوتی و عبداللە جەودەت ـ هەردوو کورد ـ بوون بە نێوکی ئەو کۆمەڵە ـ پارتە سیاسیەی کە دواتر نێوبانگی بە (جەمعییەی ئیتیحاد و تەرەقیی/ کۆمەڵی یەکگرتن و پێشکەوتن)ڕۆیشت، ئەم کۆمەڵەیە لە ١٩٠٨/٧/٢٣ دا شۆڕشێکی سپی کردو دەستوری بڕیارداو لەکار خراوی ساڵی ١٨٧٦ و ژینی پەرلەمانییی بووژاندەوە، لەساڵی ١٩٠٩ ز یشدا صولتان عەبدولحەمیدی دووەمی بەرکەنارکرد، بە دروشمی (ئازادی ـ دادپەروەری ـ یەکسانی) جەماوەری نەتەوە ژێردەستەی عوسمانیەکانی لە خۆی گردکردەوە، لەسەرانسەری ئەو دەوڵەتەدا (لقەکانی کۆمەڵە)ی دامەزراند، مەکینەی سیاسی فرۆفێلاوی خستە گەڕ، گەلی کوردیش پێشوازی لەم پارتە کرد، لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی نوێ و

ئازادیی پارت پێکەوە نان، پارتێ ـ کۆمەڵەیەکی کوردانەی سەربەخۆ بە نێوی (کورد تعاون و ترقی جمعیتی/کۆمەڵەی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد ـ ئەستەنبول ۱۹۰۸/۹/۱۹ بە سەرۆکایەتی شەهیدی نەمر شێخ عەبدولقادری شەمزینی دامەزرا، لە دیاربەکر، بەدلیس، مووش، ئەرزروم، لقی هاویشتووە و چالاکی نواندووە، ڕۆژنامەیەکی تورکی ـ کوردیی حوتۆیی یان لە ۱۹۰۸/۱۱/۹ دا دەرکردووە. هیچ سەرچاوەیەك نییە کە نێوی لقەکان و شێوەو سنوری چالاکیی ئەو کۆمەڵەیە لە کوردستانی باشوردا روون بکاتەوە، ڕەنگبێ لە هەرێمەکانی (موسڵ، بەغداد، بەسرە) دا، (جەمعییەتی ئیتیحادو تەرەققیی عوسمانی) دامەزراوە. بەداخەوە سەرچاوەییەکی بێگانە تا کوردی، لەمەڕ شوێن و مێژووی دامەزراندنی (لقەکان)ی ئەم کۆمەڵەیە و چالاکیەکانیان لە باژێرەکانی کوردستانی باشور ـ هەرێمی موسڵ ـ هەواڵێ بەدەستەوە نادەن، جگە لە هەندێ سەرچاوەی کوردیی ـ بەبۆنەی لێقەومانێکی شێخانی بەرزنجەییەوە ـ نێو باسی (لقی سلێمانی) کۆمەڵەی باسکراویان نوسیوە، بەلاّم تا ئیستا بەڵگەییەکی ڕاست و نوسراو دەرنەکەوتوە کەمێژوی دامەزراندی ئەم لقە بخاتە ڕوو و باسی لێقەومانەکە بکات.

نوسەر داوا لە بەڵگەنامەناسەکان و مێژوناسەکان دەکات، بۆ ئەوەی لاپەڕەکانی مێژووی بزاڤی سیاسی کوردان و شێوەی تێکەڵی و ئەقڵ و ماریفەتیان بدۆزنەوە و بناسنەوە، نەوەکانمان لە سەرسامی و زەین کوێریی ڕزتگار بکەن و پەند لە مێژوو وەربگرن.

لێکۆڵەر لە نێو و باسی (جەمعییەتی ئیتتیحاد تەرەقیی عوسمانیی ـ لقی سلێمانی) بەبۆنەی لێقەومانەکەی شێخانی بەرزنجەییەوە لە سێ سەرچاوەدا دیارەییێکی یاداشتی رەفیق حیلمی ئەوی دی یاداشتەکانی شێخ ڕەئوفی کوڕی حەفید زادە مەحمود شێخ قادری برای حەفید زادەیە، م.ر.هاواریش لە قسەو باسی ئەوانەوە، لە دانراوەکەیدا ئەم باسانەی گێڕاوەتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەی کونسوڵی بەریتانیا لە موسڵ کەلە ۱۹۰۹/۱/۱٤ ناردوییّتی بۆ باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ، مێژووی ڕاست و باسێکی کورتی لێقەومانەکەی گێڕاوەتەوە.

*ڕەفیق حیلمی دەڵێت: لقی ئیتیحادوتەرەقی سلێمانی کە بەتایبەتی لە ناحەزانی خانەوادەی شێخ سەعید، لەتیجارەکان و هەندێ لەو زابتانەی هاتبونە نێو کە تازە لە مەکتەبی حەربیەوە دەرچوبون و مەیلی ئازادی و بەربەرەکانی خاوەن نفوزەکانیان دەکرد، لەگەڵ بەرەی شێخان کەوتنە دوژمنایەتیی و دەستیان کرد بە هاندانی حکومەت لە عاستیان، زۆری پێ نەچوو کەبەکەین و بەینی لقی کۆمەڵ و ئەو کاربەدەستانەی لە کۆمەڵدا ئەندام بون، بیانویان بۆ دۆزینەوە، شێخ سەعیدی حەفیدو هەندێ کەس وکاری و دەست و دائیرەی لەگەڵ شێخ مەحمود لە ژێر چاودێری هێزێکی زۆری حکومەت دا نێرانە موسڵ.

کاربەدەستانی ئیتیحادو تەرەقیی لە موسڵدا بوون، ئەمەیان بەهەلزانی بۆ لەنێوبردنی شێخسەعید، لەسەرەتادا هەموو توانایان خستەگەڕ تادڵی خەڵکی موسڵیان لێ کرمێ بکەن، گەلێ درۆیان بۆ هەڵبەستن و بەناو خەڵکدا بلاویان کردەوە، دواتر بووبەهۆی ئەوەی کە لەناو موسڵ دا فیتنەیەکی گەورە هەڵگیرسا.

ڕەفیق حیلمی لەزمانی عەبدولمونعیم غولامی نوسەرەوە دەڵێت:(شێخ مەحمود دوای هەڵلاکە لەوێوە چۆتە ماڵی حاجی محەمەد چەلەبی جادر و ئەوان لەماڵی خۆیانەوە دەیگەیەننە سەرای حکومەت.

شێخ ڕەئوفی شێخ مەحمود لە یاداشتەکانیدا، باسی یاداشتی عیززەت کاکەیی باوکی لە قوتبەددینی بەیتەرەوە وەرگرتووە ـ عیزەت کاکەیی خۆی سکرتێری شێخ سەعید بووە، لەساڵی ١٩١٠ ئەو یاداشتەشی بەزمانی تورکی نوسیوە دەڵێت: (دوای ئەوەی بنەماڵەی بەرزنجەیی نێوبانگیان دەرکرد، ئەوانەی رقیان لێ بوو، لەهەل و دەرفەت دەگەڕان، ساتێك کەدەسەلاتی سوڵتان عەبدولحەمید کزبوو، ئیدی ئیتیحادیەکان هەوڵیان دا دەسەلات و توانای ئەو کەسانە کەم بکەنەوە کەسەر بە عەبدولحەمید بون، بۆئەمە لەهەموو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا (لقی ئیتحادو تەرەققیی دانرا.لەنێوچەی سلێمانیشدا لقێك پێك هات و ئەندامەکانی دژی بنەماڵەی شێخانی بەرزنجەیی بون، بەتایبەتی دژی شێخ سەعید، مەحمود پاشای جاف سەرکردەی ئەو لقەی سلێمانی بوو، دەستیان کرد بەناردنی ئەخبارییاتی پڕ لە درۆو دەلەسەو بەمەزبەتەکردنەوە دژی شێخان و دۆست و پێوەندەکانیان، شێخ سەعیدو

کوڕەکانی سەید ئەحمەد بابا ڕەسول و شێخ ساڵحی موفتی بانگکران بۆ سەراو لەوێ دەست بەسەر کران لەلایەن پۆلیس و سەربازی تورکەوە، بازرگانەکان چونە پۆستەخانەو تەلگرافیان بۆشکات لە دژی شێخان نارەزای لێ دا، هەرلەو کاتەدا دکتۆر زیادو ئەفسەر فەهمی، کەخەڵکی سلێمانی بوون، لەگەل قول ئاغاسی چونە بازارو بەنێو خەڵکدا بڵاویان کردەوە کەوا حکومەتی عوسمانی شێخانی گرتوەو ئێوەش بچنە بەر سەرا لەوێدا فەرمانی شاهانە دەربارەی ئەو گرتنە دەخوێنرێتەوە، هەرکەسێ دوکانەکەی دانەخات و نەچێت بە پیسترین شێوە سزا دەدرێت، بەو جۆرە نێو شار خرۆشاو شێخانیان بەزۆرو بە هێز و سوپا نارد بۆ موسل، کاربەدەستان خەڵکیان هان دەدا پەلاماری ماڵەکانیان بدەن و دەستدرێژی بکەنە سەر کەس و کاریان.

ڕاپۆرتی کونسوڵی بەریتانیا دەڵێت: (لەنیوەڕۆی سێشەمەی کانونی دووەم:١٩٠٩/١/١٥ ز دا ئەو هەرایە قەوما، وێڕای ئەو هەموو کوشتارو برینداریی و تالآنییەی کرا، حکومەت ـ لەموسلدا ـ بە ئاشکرا ڕاوەستاو هیچی نەکرد بۆ بەربەستکردنی لە١٩٠٩/١/١٥ دا تەلەگرافێ لە ئەستەنبوڵەوە هات بوو کە شێخ سەعید ئازادەو دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی لە سلێمانی، بەڵام دیاربو وکە پیلانەکە ڕێکخرابوو تا شێخ سەعید نەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، تەنیا شێخ مەحمود لەهەراکەی موسلّ ڕزگاری بوو، لە ١٩٠٩/١/٦ لە ژێر چاودێری حامیەدا مایەوە، لە کۆتای مانگی کانونی دووەم ئازاد کراو بەبێدەنگی بەرەوکەرکوك گەڕایەوە.

لێکۆڵەر ئەوەندەبە وردەکارییەوە لە بابەتەکەی کۆڵیوەتەوە، پەی بەزۆرنهێنی پڕلەپەنهان بردووە، بۆ ئەمەش پەنای بردۆتە بەر(دوو بەڵگەی لقی سلێمانی) لەبارەی مۆرەکانەوە دواوەو مانا مۆرەکانی لێکداوەتەوە، پاشان (مەتنی نوسراوەکەی لەلاپەڕە٣٦و٣٧ دا خستوەتە ڕوو لە ئەنجامدا لێکۆڵەر دەڵێت: بەهۆی چوار مۆرەکەوە، مێژوی(یەکەم دەستەی لقی سلێمانی کۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتن دەرکەوت کە ڕێکەوتی ١١ی تەمووزی ١٣٢٤ی رۆمیی ـ ١٣٢٦ ی کۆچی (=٢٤ی تەموزی ١٩٠٨ زایینیی، جگە لەوەی ناوی سێ ئەندامی ناسراوە، لەوانەیە ناوی دی هەبن و لە ئێمە ونن، مقۆمقۆ هەیە لەنێویاندا مەحمود

پاشای جاف کەگوایە سەرۆکی کۆمەڵە بووە، یان حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکیی ـ کەرکوکلی زادە بوو ـ ، وەك عەباس عەززاوی مێژوونوس باسی کردووە، خۆی ئەندامی کۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتنی عوسمانیی و لەیەکەم سوری مەجلیسی مەبعوساتی عوسمانیی ـ پەرلەمان ـ دا نوێنەری سلێمانی بووە، ١٩٨٠/١٢/١٧ حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکی لە سێیەم کابینەی ئەنجومەن ـ وەزیران ـ ی حکومەتی مەلیکی کردستان حەفید زادە شێخ مەحمود ١٩٢٣ ز. دا (رەئیس وەزیری تیجارەت و مەعاریف و نافیعە بوو).

لێکۆڵەر لە خاڵی دووەمی ئەنجامەکەدا ئاماژەی بەو فەرماننامەیەی دەستەی متمانە پێکراوی هەرێمی موسڵی کۆمەڵە کردووە، دووەم دەستەی(لقی سلێمانی ـکۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتنی عوسمانیی:١٩٠٨/١٢/٢٠ ز. بەحەوت ئەندام ناسراوە، زۆریش پێدەچێ کە حاجی ئاغا فتح الله وەك فەرماننامەکەی بەرەو ڕوو کراوەتەوە، هەر خۆی سەرۆکی دەستەی دووەم بوبێ، لەبەشی دووەمی لێکۆڵەرینەوەکەی دا لەبارەی کۆمەڵەو لێقەومانەکەی شێخان چەندان تیشکی خستوەتە سەر پرسیارە بێ وەڵامەکان و لەوەڵامدانەوەکان دا، باسی کۆمەڵەی ئیتیحادوتەرەقی و (لقی سلێمانی، بێ نیشانەکردنی کام دەستەی لق) پیلانیان لە شێخانی بەرزنجەیی و شێخ سەعیدی سەرکردەیان کردووە، گۆیا سەر بە سوڵتان و خاوەن تواناو دەسەڵات سست و لاواز بکرێ بۆ ئەوەش گەلێ ناتۆرەو قسەو قسەلۆکیان دواخستون، ئەم وەڵامدانەوەیە چەندان ڕونکردنەوەی نوێ تر دەخاتە سەر لێکۆڵەرینەوەکە، بابی لالۆ لەبارەی دیارنەبونی نێوی مەحمود پاشای جاف لەباسەکانی بەڵگەنامەکان دا توشی تێرامان بووە، دوای توێژینەوەو پشکنینێکی زۆر دەڵێت مەحمود پاشای کوڕی محەمەد پاشای جاف سەرخێڵی نێوداروتوانای جاف، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیی و بەتایبەتی لەلایەن سوڵتانەوە ڕێزی گیراوەو پایەو نیشانی خەڵات کرابێ، هێندەش زیاتر بەربەرەکانی کراوە، ئەم سەر خێڵە جافە زیرەك و خاوەن هەستی بەرزو نیشتمان پەروەر بووە، هەندێ جار سەرپێچی لە فەرمانی سوڵتان و والییەکانیش کردووە، بۆ ڕاستیش، مێژوونوسی سۆڤیەتیی ـ لازاریف دەڵێت (مەحمود پاشای سەرداری خێڵی جاف، هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا ناکۆك بووە و دانویان پێکەوە نەکولاوە)

مێژونوس محەممەد ئەمین زەکی دەڵێت :(مەحمود پاشایان کردبوو بە موتەسەریفی(ئورفە) نیازی نەبوو بچێ، تاشەوێکی ڕەمەزانی ١٣٠٦ ی کۆچی - ١٤ی مایسی ١٣٠٥ ی ڕۆمیی/١٨٨٩ ز. لەماڵە گەورەکەی کەناری زەڵم مەحمود پاشا ئیقناع کرا کە بچێ بۆ ئەستەنبول، هەر ئەو شەوە دوای پارشێو سواربوو، ڕۆیی، کەچی لەساڵی ١٨٩٢ ز.لە ئەستەنبوڵ ڕایکرد بەڕێگەی باکۆدا هاتەوە.

لێکۆڵەر بۆ دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەی (١٤) سەرچاوەی جیاجیای پشکنیوە، چەندان ڕاو بۆچونی جیاجیای لەسەر مەحمود پاشای جاف شەنوکەوکردووە، هەر لەوەی دەوڵەتی عوسمانیی هەوڵی داوە مەحمود پاشا لە قائیمقامی بخات، عوسمان پاشای برا بچوکی لە شوێن داناوە، پەیوەندی مەحمود پاشای جاف و دەوڵەتی عوسمانی لە هەڵکشان و داکشان دا بوو، بۆ ئەمەش رای د.حەسەن جاف ی لە چەند شوێنێکدا خستۆتە ڕوو، د.حەسەن جاف دەڵێت (مەحمود پاشا لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید نێوانی خۆش نەبووە، لەحەقیقەتدا هۆی دووبەرەکیی سەرۆکەکانی هۆزی جاف لەگەڵ شێخ مەحمود لەسەر نفوزو ئەرزو ئاو بووە، نەك لەسەر کوردایەتی)، سون لە یاداشتەکەی دا:(بەهیچ جۆرێك باسی پەیوەندی مەحمودی پاشای جاف(کۆمەڵ - پارت) ی نێوبراو لێ قەومانەکەی شێخانی نەکردووە، هەر ئەوەندەی ڕاگەیاندووە گۆیا کوشتنی شێخ سەعید بە ئیستسفزازی بازرگانەکانی سلێمانی بووە.

لە زنجیرە(٣)دا، پیرەمێرد پیری ڕۆژنامەوان ی لە١٩ لاپەڕەدا خستۆتە ڕوو، لە پێشەکیەکەدا ئاوا باسی ژیان و کەسێتی ئەو دەکات: تۆفیق مەحمود، کۆنە فەقێ، حاجیی، نوسەرێکی دیوانیی، پارێزەر، موتەسەریفی عوسمانی، شاعیر، ڕۆژنامەوان، ساڵی١٩١٨ ز - موتەسەریفی ئەماسیە بوو، خۆی ناونابوو (پیرە کورد- تۆفیق، دوای نەفرەت لێکردنی پێتەختی سوڵتان و چونەوە ئامێزی سلێمانی کۆنە مەڵبەندی بابان، لە ١٩٢٥ وە تا نۆشینی شەرابی مەرگ، خۆی نێو نابوو (پیرەمێرد) بە ئاشکرا نوسیوێتی (من پیری ڕۆژنامەوان - شێخی سوحوفییتم؟)، لە ١٩٢٦- ١٩٥٠ خەبات و ڕەنجێکی لە پێناوی گەنجینەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی داوە، بەتایبەتی چاپخانەکەی و هەردوو ڕۆژنامە سەربەخۆکەی(ژیان و ژین). پیرەمێرد ئاواها شاهیدی لە خۆی داوە .

لەساڵی ١٩٠٨ ز. کۆمەڵەی کوردان لە ئەستەنبوڵ کۆبونەوە، جگە لە سەییدو، مەلاو بەگ و، سەدو هەڤدە کەسیان لە پاشایان تێدابوو، غەزەتێکیان بەناوی کوردەوە دەرهێنا، لەنوسخەی یەکەمدا مەقالەیێکی ئیسماعیل حەققی بەگی بابانی تێدا بوو، نوسی بووی(بۆکوردستان لە پێش هەموو شتێکدا مەعاریف، خوێندەواری)حەتتا بە تەئکید وتبووی، (ئەووەل مەعاریف، دووهەم دیسان مەعاریف، سێهەم باز مەعاریف!)

ئێمە لەسەرەتای تەشکیلی(جەمعییەتی کورد)ەوە لە ئەستەنبوڵدا، ڕوکنی موهیمی جەمعییەت و خاوەند موحەریری (غەزەتی کورد) وعادەتا تەرجومانی ئەفکاری کوردستان بوین.

لەئەستەنبوول ئەووەل غەززەتی کوردیی کە دەرچوو، سەر مەقالەکەی بەر من کەوتبوو، لەوێدا وتبووم (ئەم کوردە کەبەهەوەسی خۆیان گەورەیی سوڵتان سەلیمی یاوزیان گرتە ئەستۆ، خەتی خوێندەواریان، جەوهەری تیغی دەبان و مەرەکەبیان ژاری دووکەڵی قلیان بوو.

بەوە دەنازم کە(غەزەتی کورد)لە ئەستەنبوڵ دا من خاوەند و سەرنووسەری بووم .

نۆبەرەی غەزەتمان لە ئەستەنبوڵ دا (غەزەتی کورد)یەکە ئیمتیازەکەی بەرمن کەوت بوو.

من مەفتونی زبانی فارسیم و کاتێ لە ئەستەنبوڵ دا بووم، گەلی خزمەتی غەززەتی (شەمس) م کرد کە سەید حسێنی ئێرانیی خاوەن بوو، ئەو سەردەمە کە ڕۆژنامەی (شەفەق سورخ/شفق سرخ) مەجەلەی (فەرهەنگ/فرهنگ) لەتاراندا دەردەچوو، من هەمیشە لە ئەستەنبوڵەوە مقالەو شیعرم بۆ دەناردن بە ئیمزای (سلێمانیەلی تۆفیق) یاخود(س.ت)

لە پێش عومومی ئەم تەبەقەی ئێستایەی کوردەوارییەدا، ماخۆلانی کوردایەتی و قەومیەت و وەتەنییەتم کەوتە کەللەوە، لە ئەستەنبوڵدا نەعرەتەی وەتەنییەتم کێشاو لەو فۆتۆگرافانەی کە دەمناردن بۆ کەس وکارم دەمنوسی(أوج وگنمده أوجوشان روح روانم)

(پیرەمێرد لە شاهێدی ژین ١٩١٨ ز.ئەستەنبوڵ)گۆڤاری تورکیی ـ کوردی (ژین)ی ئۆرگانی نارەسمیی(کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردستان بوو ـ تۆفیقی کوڕی مەحمود ـ پیرەمێرد، لەئەو هەولانەولەسەرەتای ١٩١٨ ز موتەسەریفی باژێری (ئەماسیە)بوو، بەچوار ئیمزاوە، گوتاری کوردیی و تورکی و شیعری نوسیوە.

لەبەشی(کورد) دووەمین ڕۆژنامــەو (سـلێمانییەلی تۆفیـق) لێکۆڵـەر باسـی ڕۆڵـی نـەوەی بەدرخان پاشای کردووە کـە جووتـە بـرا (میقـدادو عەبـدوڕڕەحمان)ی نەتەوەپـەروەر، وەسـتای بنیادی یەکەمین ڕۆژنامــەی ئـازادی کـوردن، ڕۆژنامــەی (کردسـتان:٢٢ نیـسان ١٨٩٨ ـ ١٤ نیسان ١٩٠٢ ز.) لە ئاوارەییدا، دەنگ و ڕەنگی نـاڕەزایی و داخـوازی مـافی نەتـەوەی کـورد بوو، هەرئەوکاتە لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیی، ڕۆژنامەی کوردیی قەدەغەو تەنانەت هاتن و خوێندنەوەی (کوردستان)ی بەتاوان دەزانی.

لەدوای ٢٣ ی تەموزی ١٩٠٨ دەیـان کۆمەڵـەی سـیایی، دەیـان ڕۆژنامــەی سەربەسـتی هەمەجۆر دەرکەوتن، کوردە دڵسۆزەکانی نەتەوەو نیشتمان، لەئەستەنبول بەخۆکەوتن، بـیروڕاو کۆششیان یەکخست، بەسەرۆکایەتی شەهید شێخ عەبدولقادری شـێخ عوبێـدالله ی نـەهری لـە ١٩٠٨/٩/١٩ یەکــەمین کۆمــەڵی سیاســی ئاشــکرای کــورد (کــورد تــەعاون و تــەرەقی جەمعییەتی) دامەزرا، لە ١٩٠٨/٩/٢٥ لە ئەستەنبوڵدا ئاهەنگێکی گێڕا پێڕەوی کۆمەڵـەش ئەوە دەنوێنێ (ئامانج فەرمانڕەوابوونی دەسەڵاتی قانوونی ئەساسیی و پێشکەوتنی نەتـەوەی کورد).

کۆمەڵە لقی لە شارەکانی(دیاربەکر، بـەدلیس، مـوش، ئـەرزرۆم) کـردەوە بـۆ چـالاکی و ئەنجامدانی کارەکانی.

نوسـەری ئەرمــەنی، شـاهبازیان خـاوەنی (مێـژوی کـوردو ئەرمـەن ـ س ١٩١١ ) و محەمەدئەمین بوزئارسەلان دەگێڕنەوە کۆمەڵەکـە( ڕۆژنامەیـەکی حـەوتۆیی تـورکی ـ کـوردی ـ بۆازرۆیان ـ لەئەستەنبوڵ دامەزراند.

دوای ساڵێك ئەم پەنجەرە ڕوناکانە داخران، زۆربـەی ئەندامـەکانی دەسـتەی دامەزرێنـەرو لایەنگرەکانی کۆمەڵەو پیـاوە بەنێوبانگـەکانی کـوردی زینـدان کـرد، هەندێکیـشیانی داوەتـە دەسـت دادگـای عـورفیی و لـە (زینـدانی بلـووکی بـەکر ئاغـا) دا تونـدکردن، یـەکێك لـە بەندکراوانی ئەو زیندانە پیرەمێرد بووە کەدەڵێت :(کەلەزیندانی ژێرزەمین بلووکی بەکر ئاغـای ئەستەنبەڵ دا گیرابووم ، بیم ـ ترس ـ ی خنکاندنم بوو).

دواتر لێکۆڵەر باسی ڕۆژنامەی کوردو ژمارەکانی و ئەو بابەتانەی کە بڵاوکراونەتەوە کردووە، لەگەڵ ناوی عەلادین سجادی و پیرەمێرد کە بەرهەمیان لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردوەتەوە، پاشان لەمەتنی گوتارو شیعرەکە لەلاپەرە ٦٠ـ٦٢ شیعری( بێ نێونیشان) ی پیرەمێرد بەناوی( سلێمانیەلی:تۆفیق)ەوە بڵاوکراوەتەوە لە زنجیرە (٤) دا، یەکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانی ـ س ١٩١٥ ، لێکۆڵەر لە پێشەکیی دا ڕۆڵی زانای کورد پیرەمێردی شاعیرو ڕۆژنامەوانی لەو بوارەش دا خستوەتەڕوو کەلەبارەی خوێندەواری سەردەمی میرنشینیی بابانەوە وتویەتی: ئەو ساتەکە دەورەی ڕم و شمشێرو لەشکرکێشیی بوو، بەحسابێکی دروست لە ٢٠٪ ی خوێندەوار بووە و هەشتای ڕەشۆکیی و ئەوانیش کە پێیان خوێندون بۆ ئەوە بووە کە کارێکیان بەلاوە بوبێ، کاغەزێ بنوسن، یاکاغەزێ هات بیخوێننەوە، باقی دی سپاهی یا ئەسناف یا سنعەتکار بووە).

هۆی ڕاستەقینەی ئەم بارەش دەگەڕێنێتەوە بۆ(ئەو ساتەی گوتویانە: ئەوەی نەخوێندەوار بێت لە مەزییەتی حەییات تێ دەگاو نایەوێ بەخۆڕایی تەنها بۆ نێوی ئازایی و کوشندەیی خۆی بدات بە کوشت و بەترسنۆکیان داناون و نەخوێندەوار بەجەسور....خۆکچان بڕای بڕ بهێڵن بخوێنن؟ نا! گۆیا لەبەر ئەمە، ئەگەر خوێندەوار بن، بەکاغەز عاشقێنیی لەگەڵ کوڕان دەکەن!).

لەبارەی کەی خوێندن لەسلێمانی هەڵکەوت، کەی خوێندنی کیژان لە سلێمانی دا هەڵکەوت، کەی یەکەمین قوتابخانەی کیژان دامەزرا، لێکۆڵەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پەنای بردووەتە بەر لێکۆڵەرینەوەیەکی د.کەمال مەزهەر ئەحمەد بەنێونیشانی (فاتیمە محێەدین پەری ـ پێشڕەو سەربازی نەناسراو)ەوە لەو بابەتەدا دەڵێت :(ئەو خانمە بەڕێزە یەکەم ئافرەتی کوردی عێراقە, کەبووە بە ٣٥ ساڵی ڕەبەقی ژیانی بە ئەو پەڕی دڵسۆزییەوە بۆ پەروەردەکردنی سەدان کچ، وەك جگەر گۆشەی خۆی تەرخان کرد.

لێکۆڵەر ڕەخنەی لەو ڕایە هەیەو دەڵێت لێکۆڵینەوەی زانستی بەتەنیا پشت بەیەك باوەڕناهێنێ بەڵکو پشت دەبەستێ بە بڵاوکراوەو بەڵگەنامەو دەستنوس، بەتایبەتی گەر کارەکە پەیوەندیی بە بارێکی ڕەسمییەوەهەبوو.

بۆ وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە لێکۆڵەر لەسەرنجدانێکی کورتی مێژوودا دەڵێت:(خوێندنی نوێ، لەنزیك سەدەی نۆزدەوە، بەهۆی چەند گۆڕینێکی گرنگی بارەکانی نێودەوڵەتی عوسمانییەوە)هاتوەتە کوردستانی عوسمانیی و عێراقی عوسمانییەوە کەئەمەش ئەنجامی کارتێکردنی سیاسەت و ڕۆشنبیریی ئەوروپایە لە جەستەو گیانی ئەو دەوڵەتەو ئەنجامی حوکومڕانیی ئەم دەوڵەتەشە لە وڵاتەکەماندا.

لە ساڵی١٨٦٥ ز.دا(نیزامی تەشکیلاتی ویلایات ـ هەرێمەکان) دەرچووە، لە١٨٧٠ز دا (نیزامی مەعاریف /زانستی عوسمانی هەڵکەوت، دواتر سوڵتان عەبدولعەزیز پوچی کردەوە، لە١٨٨٢ ز دا (هەرێمەکانی موسڵ، بەغداد، بەسرەدا (مەجلیسەکانی مەعاریف دامەزران بۆ چاودێریی کاروباری قوتابخانەکان) لەسەردەمی (کەنعان پاشا) لەموسڵ دا ، بەکۆششی حاجی نەعمان ئەفەندیی کوڕی مستەفا ئەلعومەری، (یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان ـ موسڵ)داندرا.دوای ماوەیەکی کورت بەسەر تەشکیلاتی هەرێمەکان (سلێمانیی)ش بووە بەلیوا (یەکەم قوتابخانە روشدییە ـ سەرەتایی کوڕان)ی تیا کرابێتەوە.

لەساڵی ١٨٦٨ ز دا دامەزراوە، لەساڵی ١٨٨٩ ز.چوار قوتابخانەی سەرەتایی: (حەمیدییە، جدید حەسەن پاشا، عوسمانیی، کەرخ) ی کوڕان کرانەتەوە.

لەسەردەمی والیێتی مەدحەت پاشادا:١٨٦٩ـ١٨٩٢ ، دوو قوتابخانەی نێوەندی (روشدییەی سەربازی ـ ڕوشدییەی مولکیی)دامەزراون.

عەبدورەزاق ئەلهیلالیی، لەبارەی قوتابخانە رەسمییەکانی (کیژان) یش دەڵێت: یەکەم قوتابخانەی کیژان لەسەردەمی حوکومڕانی عوسمانیەکان لە عێراق لە ١٩٠١ ز.دا لەبەسرە دامەزرا، سەبیلەخانم یەکەم مامۆستا بوو، لەسەردەمی والیی نامیق پاشا لە ١٨٩٩ـ١٩٠٢ ز.لەبەغداددا(قوتابخانەی اناپ روشدیەمکتبی ـ روشدییەی کیژان) دامەزرا، دوای مەشروتە ـ ژینی دەستووریی١٩٠٨ ز، دوو قوتابخانەی یەکەمین (ڕوشدییەی کیژان ، سەرەتای کیژان)لەگەڕەکی سەراجخانەی موسڵدا دامەزران. بەڵام ئەلهیلالیی دەڵێت: هەردوو باژێری (کەرکوك، سلێمانیی) وەك باژێرەکانی دی هەرێمی موسل هیچ قوتابخانەی کیژانیان تێدا هەڵنەکەوتووە. لێکۆڵەر بۆ ئەوەی ڕۆشنای زیاتر بخاتە بەر ئەو بوارە فراوانە پەنای بردووەتە

بەر گوتارەکانی مێژوونوس ئەمین زەکی و دەڵێت:(قوتابخانەی ڕوشدییەی سەربازی سلێمانیی لەساڵی ١٨٩٣ ز. دابەکۆششی گەورە پیاوی عوسمانیی ـ کورد سەعید پاشای خەندان دامەزراند، قوتابخانەی سەرەتایی ـ کوڕان لە ١٩٠٠ دامەزرا. عەبدوڕەزاق ئەلهیلالی دەڵێت:(قوتابخانەی ئامادەیی ـ ئیعدادیی موڵکیی)لە ماوەیەکی کەمی دوای ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە، لێکۆڵەر ئاماژی بەوە داوە کەبەم پێیە، لەمەودای سالانی ١٨٦٨ـ١٩٠٨ ز.دا، چوار قوتابخانەی رەسمیی عوسمانییەکان لەنێو باژێری (سلێمانیی)دا دامەزراوە، هیچ دەنگ و ڕەنگێکی (قوتابخانەی کیژانی)ش نییە. محەممەد ئەمین زەکیی تەمەنی ئەو قەتابخانەیە درێژ دەکاتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی حوکمڕانیی عوسمانیی١٩١٤ـ١٩١٨ ، مامۆستای پێشڕەو سەعید کابان لەدەفتەری کارنامەی خۆیدا و بەقەڵەمی خۆی نوسییویێتی(لە١٠ی ئاغستۆسی ١٩١٤ دا، جێگری قوتابخانەی نێوبراوبووم، ڕوشدییەی سەربازی هەڵوەشاوەتەوەو خراوەتە سەر مەعاریفی گشتیی لە ٢٦ی تەشرینی دووەمی ١٩١٤ دا).

بۆزیاتر ڕۆشنای خستنە سەر لێکۆڵەرینەوەکە (سێ قوتابخانەی کوڕان (ئامادەیی موڵکیی، نموونەی سەرەتایی، قوتابخانەی تەشویقییە) لەدوای حوکومڕانی عوسمانی بەجێماون.

دەوڵەتی عوسمانیی لەجەنگی یەکەمی جیهانی دا دۆڕا، هەموو دەزگا ڕەسمییەکانی لەدەست چوو، هەڵوەشایەوە، دوای ڕێککەوتنی ئاشتییانەی سەرداری کورد حەفید زادە مەحمودو ئینگلیز لە١٩١٨/١١/١٧، دوای٧ مانگێ هەر بە پیلانی ئینگلیز خۆی، حوکودارییەکە تێك چوو، باژێرەکەش لە ١٩١٩/٦/١٦ دا ڕاستەوڕاست، لەلایەن ئینگلیزەوە داگیرو ئیدارە کرا کەحاکمی سیاسیی مێجەرسۆن(سۆن Soane.E.B) ی بەسەرەوە دانا و ئەمیش لەنێوان یەکەم مانگی ١٩١٩ تا ١٩٢١/٣/٥ لە سلێمانییدا حوکمڕانی یەکەم بووە.

ڕۆژنامەی (پێشکەوتن ـ سلێمانی )شاهیدو زمان حاڵی ئەو سەردەمەن بۆیەکەم جار لە قوتابخانەی ئەم باژێرەدا، خوێندن و نوسینیی کوردیی ـ بەشێوەی ڕەسمیانە ـ هەڵکەوتووەو (سۆن) ی کوردی زان خۆی سەرپەرشتی ئەم بزاڤەی کردووە.

نێوی قوتابخانەی(تەشویقییە) گۆڕدراوە بۆ (نمونەیی سەعادەت:١٩١٩/١/١١)ە کارنامەی مامۆستا عبداللە نورولموهتەدی ڕادەگەیێنێ کەلە ١٩١٩/٥/١ دا ڕێبەری بووە، دووایش مامۆستا محەممەد ڕەشید زەکی بابان، هەروەها دوو قوتابخانەی دی کوڕان کراونەتەوە، قوتابخانەیەکی چوار پۆلیی: (نمونەیی عیرفان ـ نێوەندی ئابی ١٩٢٠ ).

کارنامەی مامۆستا سەعید زەکی فەتاحی رادەگەیێنێ لە ١٩٢٠/٨/١٥ ڕێبەری بووە، ئەوەی مایەی تێڕامانە مامۆستای لێکۆڵەر کەمال رەئوف محەممەد ئەوەندە دەروێشانە عاشقی گەڕان و پشکنینە بەدوای نهێنییە پەنهانەکان، بڕواناکەم سەرچاوەو دەستنوس و دیکۆمێنت هەبێ لەو پێناوەدا نەیپشکنیبێ، بەڵگەم بۆ قسەکانم هەموو لێکۆڵینەوەکانی ئەم نوسەرە گەورەیە، خۆیان بەو چڕوپڕی و بەربڵاوییەیان دەدوێن، ئەمەش مەرجی سەرەکی ڕۆژنامەنوسی بەتواناو داهێنەرە کە نەگوێ بەماندووبون دەدا نەهیچی تر، تەنیا خستنە ڕووی نهێنییەکان و ڕاستیەکان نەبێ.

لەبارەی یەکەم قوتابخانەی کیژان لێکۆڵەر دەڵێت بەپێی بەڵگەنامە ڕەسمییەکان بۆم ساغ بووە کەلە(سەردەمی حوکومڕانی عوسمانیی)دا، لەگەرمەی جەنگ دا (یەکەم قوتابخانەی کیژانی سلێمانیی)دامەزرا، یەکەم ئافرەتی کوردی سلێمانی (مەلیحە نەزهەت)خان ڕێبەری بووە، کەلەنەوەیەکی خانەدانێکی بەنێوبانگ و زانست پەروەربووە.

ئەم قوتابخانە یەکەمەی کیژان (١٩١٥/١٢/١٧) کەلە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی و بەڵگەنامەیەکی وەك (ساڵنامەی عوسمانیی)دا باس نەکراوە، لێکۆڵەر ئەمەشی گەڕندوەتەوە بۆ مەلامەتی جەنگ و گیروگرفتەکانی ـ هەرچەندە بەڵگەنامە دەیسەلمێنێ کە ڕەسمی بووە، ناوی ئەو خانمە لەتۆمارە عوسمانییەکانی(مودیرییەتی مەعاریفی مەنتیقەی موسڵ ـ ڕێبەرایەتی زانستیی نێوچەی موسڵ)دا دیارو نووسراوە.

لێکۆڵەر پێی وایە ئەو قوتابخانەی بەهەوڵ و کۆششی هەندێ کوردی ڕۆشنبیری سەر بە(کۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتنی عوسمانیی ـ لقی سلێمانیی)بووبێ، بۆبڕواکردنیش دەڵێم نیشان بەو نیشانەی لە لایەکەوە هاوەری مەلیحە خان، عبدللەنورولموهتەدی، بەر لە گواستنەوەی لە موسڵەوە بۆ سلێمانی لە ١٩١٤/١١/١ ەوە لە قوتابخانەی موسڵی سەر بەو

كۆمەڵەیە مامۆستا بووە، لەلایەكی دییەوە نیشان بەئەو نیشانەی هاوتـای ئـەو قوتابخانەیـە، وەك قوتابخانەكانی (كیژانی بەغداد) كەلقی بەغـدادی كۆمەڵـەی نێـوبراو ڕۆژی ١٩١٤/١/٢٥ لە بەغداد كردبونیەوە، لەگەڵ سێ قوتاخانەی كیژانی (كەرخ، بارووديیە، بابولشەیخ) ئەمانـە لەسەردەمی ئینگلیزی داگیركەر كەلە ١٩١٧ دا پەك خران.

لێكۆڵەر لەسەر بەڵگەنامەكان دواوەو ئامـاژەی بـەوە كـردووە(دوای ئـەوەی ئینگلیزەكـان موسڵیان داگیر كرد لە ٨-٩/١١/١٩١٨ دا پێوەندی لەگەڵ سلێمانی دا دابڕی، ئیتر قوتابخانەی سـلێمانی پـەكی كـەوت، مەلیحـەخان دوای هەشـت سـاڵ دابـڕان، لـە(باقوبـە) جـارێكی تـر دامەزرایەوە، دواتر گوێزرایەوە بۆ (قوتابخانەی سەرەتایی كیژان یەكەم لەسەردەمی حوكومڕانی عێـراق)، دوای تێپـەڕبونی نزیكـەی سـاڵێك و حـەوت مـانگی بەسـەر ئاوەدانكردنـەوەی لـە ١٠/١٠/١٩٢٧ دا وسەردەمی (گوزیـدەخان)ی ڕێبەرەكـەو مامۆسـتا فاتیمـە مجیـەدین پـەریی یاوەری دێت.

لێكۆڵەر دەڵێت بەڵگە ڕەسمیەكان ئـەوە نیـشان دەدەن مامۆسـتا پێشڕەو: مەلیحـە خـان (قوتابخانــەی ســەرەتایی كیــژان - زەهــرا)ی دیتووەلــە ١٢/١١/١٩٤١ خـۆی خانەنـشین كـردووە.بـەپێی بەڵگەنامـەكان (مرۆیـەكی كوردپـەروەر، هـەموو توانـای خـستوەتە گـەڕ بـۆ خزمەتی زانست و پەروەردەو پێشكەوتن).

لـەزنجیرە (٥)دا لێكۆڵـەر لـەبارەی ڕۆژی دامەزرانـدنی یەكـەم حكومـەتی كوردسـتانەوە ئامـاژەی بەوە كردووە كە لە ١٧/١١/١٩١٨ وە دامەزراوە نەك لە ١/١١/١٩١٨ بـۆ ئـەمـەش پەنای بردووەتە بەر دەیان بەڵگەنامەو سەرچاوەی مێژوویی، سەرجەم ئەو سەرچـاوە گرنگانـەی كە پەیوەندیان بەو ڕۆژە مێژووییـە هەیـە تـاوتوێ كـردووە لەوانـە، (كۆڵۆنیـل ئـا.تـێ.وێڵسن A:T.Willson جێگری حوكمداری گشتی مەملەكەتی بەریتانیا لـە عێـراق، سـكرتێری گـشتی مـسس:گ - بـێڵ Miss.G.Bill ، حەفیـدزادە مـەحمود، مێژوونوسـی عێراقـی عەبـدوڕەزاق ئەلحەسەنی، ئەحمەد خواجێ، ڕەفیق حیلمی، د.جەمال نەبەز).

لەئەنجامدا جاڕدانی دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کوردستان و حوکمداری کوردستان حەفیدزادە مەحمود لە ڕۆژی دووشەممە ١٧/تشرینی دووەم/١٩١٨ ز. بەرامبەر ٢٩/موحەڕڕەم/١٣٣٧ ك.

لەزنجیرە(٦)دا ئەم ناونیشانە دەبینین(بنچینەی مۆسیقەی هاوچەرخی سلێمانیی)لێکۆڵەر گەڕاوەتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کوردستانی باشور لکێنرا بە عێراقی عەرەبەوە، لەو کاتەوە بەڕەسمی و بە ئاشکرا چەند تیمی مۆسیقای هاوچەرخ و تیمی میللی و فێرگەو دەزگەی خوێندنی هونەرەجوانەکان کرانەوە، بە مۆسیقەوە دەوڵەت یارمەتی ئەو تیمانەی داوەو ڕێزی مۆسیقاژەنەکانی و گۆرانیبێژەکانی گرتوەو خەڵاتی کردوون، دەزگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنیش بەرهەمی بۆ تۆمارو بڵاوکردونەتەوە، لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە پەروەردەو خوێندن چەند ڕەنگ و ڕوویەکی شارستانی و هاوچەرخە هەتا ساڵی ١٨٧٠ نەگەیشتە سێ هەرێمەکەی(موسڵ، بەغداد، بەسرە)، دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەم سێ هەرێمەو باژێرەکانی کوردستاندا، دواتر هەندێ( فێرگەی ساوایان، قوتابخانەی سەرەتایی، فێرگەی ئامادەیی سەربازی)کردووە بەزمانی تورکی، لە (فێرگەی ئامادەیی سەربازیی بەغدادا)بە ئاشکرا ئاگاداری هەڵواسراو ڕایگەیاند: (گفتوگۆی ئاسایی بە عەرەبی و کوردی قەدەغەیە، بەدرێژی ئەو دەسەڵاتە ڕەشە تالە جەنگی یەکەم دا لە١٩١٨ دا دۆڕا، لەخشتەی وانەی هەفتەی هیچ قوتابخانەیەك دا وانەی سروود نەبووە، تەنیا لەوانەی (سروودبێژن - انشاد) لە قوتابخانەی ئامادەییدا بەزمانی تورکیی ئەویش بۆ شتایش کردنی سوڵتان و دەسەڵات و دام و دەزگەی هەبووە.

دوای عیراق بەکوردستانیشەوە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکرا، بەرنامەکانی خوێندن لە قوتابخانەی یەکەمی و سەرەتاییدا، (کەدانراوی مەعاریفی گشتیی ـ س١٩١٩)واتە سروودو مۆسیقە نەبووە. دوای دامەزرندنی مەملەکەتی سەربەخۆی عێراق کلاوڕۆژنەی رووناکیی لە بواری خوێندندا کرایەوە، وەزارەتی مەعاریف لە ساڵی خوێندنی ١٩٢٢ـ١٩٢٣ ز.دا بۆ یەکەمین جار لەبەرنامەی خوێندنی یەکەمی و سەرەتاییدا وانەی (سروود) ی دانا چەشنی

وانەكانی دی، بەڵام ئەم بەرنامەیە بەمەبەستی بوژاندنەوەی گیانی عەرەبایەتیی بوو بەسەر قوتابخانە كوردەكانیشدا دەسەپا، وەك چۆن بەسەر قوتابخانەكانی عیراقدا سەپێنرا.

لەساڵی١٩٤٢ دا كوردستانی باشور خاوەنی حكومەتی خۆی بوو، ئەو بەرنامەیەی عێراق تا ١ی مارتی١٩٢٥ لە سلێمانیدا پەیڕەو نەكرا.هەر ئەو ساڵە یەكەم قوتابخانەی سەرەتایی عێراقیی ـ كوڕان ـ دەزگەی پێنج پۆلی كردەوە، دەبوایە پەیڕەوی بەرنامەكانی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی گشتی عێراق بكات و بایەخی بە (دیدەوانیی و وانەی سروود دەدا، سروودە عەرەبییەكانیان فێری منالآنی كورد دەكرد.وەك سروودەكانی (مارشی خدێوی میسر(بیلادی ئینتباهی، هاكەزادئیمانەمشی، هیبابینانەحوەلئەمام، سەمیعتوشیعرەن، یاعەلەمولئەمە، ئەشرەقت شەمسولنەجاح)

لێكۆڵەر باسی رۆڵی مامۆستا ڕۆشنبیرەكانی ئەوسای كردووە، كەچەند خاوەن هەڵوێست بوون و ئەو سروودانەیان نەداوە بەگوێی منداڵانی کورددا و تەنیا ئاوازەكانیان وەرگرتوەو شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانییە كوردەكانیان پێ وتون.ڕۆڵی شاعیرە كوردەكان لەو بوارەدا باڵابووە وەك (عەبدوڵڵا زێوەر، ئەسیری، رەفیق حیلمی، نوری شێخ ساڵح، مەحموودجەودەتی ئەفسەر، محەمەد تۆفیق، فایەق عەبدوڵڵا، بێكەس، بێخود)، هەر ئەو سەردەمە چەند نامیلكەی تایبەت بە سروود چاپ و بڵاوكرایەوە.

لە٢٧ی تەموزی١٩٢٦ یەكەم درامای قوتابخانە لەسەر شانۆ بەناوی(نەتیجەی سەفاهات و سەعی)ەوە، لەخانوی قوتابخانەكەدا پێشكەش كرا، خەڵكەكە (٦٥٠) ڕوپییەیان بۆكڕینی ئەو باندوویەی مۆسیقە كۆكردەوە، مستەفا مەزهەری پشكنەری مەعاریفی كەركوك ئەو باندۆیەی كرد بە(یەكەم باندۆی مۆسیقە بۆ یەكەم تیمی مۆسیقەی سلێمانیی).

ئەو سەردەمە (عەبدولواحید ئاغامستەفا) مۆسیقەناس ڕۆڵی گرنگی نواند بۆ پێگەیاندنی مۆسیقەژەنان، وەك لە ژیان ـ س١، ژ٣٢، پێنجشەمە ٩ ی ئەیلولی ١٩٢٦ بە نێونیشانی (بۆئەهالیی موحتەرەم)ەوە نووسیویەتی (...نائیب زابتی فەوجی چوارەم، جەنابی واحید ئەفەندی كوڕی ئاغا مستەفا، خەڵكی كۆیسنجق كەلە باندۆی مەلیكییدا ـ تیمی مۆسیقەی پاشای عێراق/كەمال ـ موعەللیمی مۆزیقە بووە، ئەمە ساڵێكە ـ واتە لە ١٩٢٥

به دواوه کەمال ـ مەجانەن بەتەلەبەی مەکتەب دەرسی فەننی مۆزیقە تەدریس دەکات. تەشویق و تەئمیناتی ئەم زاتە بوو بە باعیسی جەسارەتی هێنانی ئەم باندۆ مۆزیقەیە، بەغیرەتێکی بێ میسالەوە تەعەهودی فەرمووە کە هەتا لێرەبێ هەروا بەمەجانی تەعلیمی مۆزیقە بەتەلەبە بکا، هەیئەتی موعەللمین و تەلەبە بەکەمالی حورمەت، ئەم زاتە حومییەتمەندەو سنعەتکارە تەقدیم ئەهالیی موحتەرەم ئەکات./مدیرمەکتەب.

لێکۆڵەر بۆ زیاتر ناساندنی هونەرمەند عەبدلواحید پەنای بردوەتە بەر بیرەوەریەکی ئەورەحمان میرعەبدلڵای پزیشك کەقوتابییەکی ئەو قوتابخانەیە بووە و دەڵێت:(کاك عەبدلواحید نائیب زابتێکی کوردی کۆیی بوو، مەردانە بەدڵو بەگیان کەوتە ئیش کردن، خۆی و مامۆستاکان چەند قوتابییەکیان هەڵبژارد فێری مۆزیقەیان بکەن و (تیمی مۆزیقەی)ی لێ پێك هێنا لەوانە(جەلال مەجید سەلیم ئاغا، جەمال مەجید سەلیم ئاغا، رەحیم کەریم، سالح عەلی، ئەورەحمان میرزا عەبدولڵا، ئەحمەد میرزا مارف).

ئەو ئامێرانەی کە ڕاهێنانمان لەسەردەکرد بریتی بوو لە(دەهۆڵێکی گەورە، چوار تەپڵ، ترامپێت، چوار بۆکیی ، چوار کەرەناتە، چوار فیفرە، شمشاڵ) کاك عەبدلواحید پاش نیوەڕوان فێری نۆتەی ئەکردین و چۆن سازەکان بەکاربهێنین زۆر لەگەڵماندا ماندوو دەبوو، دواتر خۆمان فێری نۆتەو مۆسیقا بووین، ئەو سەردەمە سرودی ئەم شاعیرانەمان بەدەنگ و ئاوازو مۆسیقاوە دەوت (ئەسیری، زێوەر، رەفیق حیلمیی، مەحمود جەودەت، محەمەد تۆفیق، فائیق بێکەس)، یەکەم ئۆپەرێتی (دلاوەران) نمایش کراوەو بێژراوە لەلایەن نوری شێخ سالحەوە ڕێکخرا.

عەبدلواحید کوڕی حاجی ئاغا مستەفاکوڕی محەمەدە، دایکی زێنەبی مەلا حەکیمە، لە١٨٩٩ ز. دا لەکۆیە لە دایك بووە، لە١٩٧٥ دا بەنەخۆشی شەکرە لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە کۆیە بە خاك سپێردراوە، عەبدلواحید لە سەردەمی حوکومڕانی عوسمانییدا لە قوتابخانەی سەرەتایی( کۆیی)دا خوێندویێتیی دواتر چوەتە قەتابخانەی (ئامادەیی سەربازیی موسڵ) بەهۆی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، خوێندنەکەی تەواو نەکردووە، بەپلەی جێگری ئەفسەر تێکەڵ بەلەشکری عوسمانیی و جەنگەکە بوو، لەشەڕی

(جەنان قەلعە)دا بریندارببووەو لە خەستەخانەدا زۆر ماوەتەوە، ئەو کاتانە خۆی فێری سازلێدان و مۆسیقا کردووە، دوای کۆتایی جەنگ گەڕاوەتەوە، لەگەڵ دامەزراندنی سوپای عێراق، لەیەکەم پەلی دا لە فەوجی مووسالکازم/(موسی الکاظم) و دوایی چوەتە پەلی چوارەمەوە کەلە ١٩٢٥ لە سلێمانی بووە، عەبدولواحید چەندان پلەی سەربازی بڕیوە، تا گەیشتوەتە پلەی سەرۆکی یەکەم ـ رائد ـ و لە ١٩٤١تا ١٩٧٠ هەر لەو وەزیفەدا لەدیوانیە ماوەتەوە، دواتر خانەنشین کراوەو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی لەلای کوردەکان ژیاوە تا ماڵئاوایی یەکجارەکی کردووە، زمانی عەرەبی، تورکی، فارسی و ئینگلیزیی کەمێك روسی و یۆنانیشی زانیوە، خولیای خوێندنەوەو خوێندەواریی بووە، شیعری شاعیرانی کوردو عەرەب و تورکی لەبەر بووە، شارەزای شوێنەواری کۆن بووە.

لێکۆڵەر لەزمانی کوڕەکەیەوە دەڵێت: (بابم گێڕایەوە لە سلێمانیی ئەو ڕۆژگارە هێندێ کەس شکاتیان لەلای موفەتیشی ئیداریی سلێمانیی کە ئینگلیز بوو لێ کردووە (گوایا منداڵەکانیان فێری سروودو گۆرانی دەکات) ئەمەش کاری تێ کردبوو کەپیانۆ خۆشەویستەکەی بشکێنێت و دەفتەرەکانی بسوتێنێت و نەشهێڵێت منداڵێك توخنی هونەر بکەوێت.

لەزنجیرە (٧) دا لەبارەی (جەمعییەتی پێشکەوتنی کوردانی سلێمانی ١٩٢٦ کەتەنیا سەرچاوەیەکی بێگانە نێوی هێناوە و چەند دێڕێکی کەمی لێ نوسیوە. لێکۆڵەر دوو ناسینەوەی بۆ کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندانە سەرچاوەی تاوتوێ کردووە، دواتر لەبارەی کۆمەڵەکانی سەردەمی مەملەکەتی عێراق دواوە، دوای ئەوەی ئینگلیزەکان سلێمانیی پێتەختی مەملەکەتی کوردستانیان داگیرکرد لکاندیان بە مەملەکەتی عێراقی عەرەبەوە، هەلومەرجێکی نوێ هاتە کایەوە(کۆمەڵەی گەلان) سەرقاڵی کێشەی بەنێو هەرێمی موسڵ ـ کوردستانی باشور بوو، لەو ڕۆژگارەدا کۆمەڵێ رۆشنبیرو بازرگان و کەسانی ناسراوی خاوەن زەوی و زار لە سلێمانییدا ـ بۆ بەرهەڵستی داخوازیی تورکیای نوێ بەرامبەر ئەو کێشەیە ـ یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی بەرنامەداری ئاشکرای بە نێوی (جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن ـ ١٩٢٥/٢/٢٤ سلێمانی) دامەزراندو هەڵبژاردنێکی ئاشکرا حەڤدە ئەندامی دەستەی رێبەریی

و سەرۆکەکەی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی ـ یەکەم موتەسەریفی کوردی سلێمانی ـ پەسەند کرد ئەمەش نێوی سەرۆك و ئەندامەکانە:(ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، رەشید مەستی، تۆفیق بەگ مەحمود ئاغا-پیرەمێرد، محەمەد ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا، شێخ محەمەد ئەفەندی گولانیی، عیزەت بەگی عوسمان پاشا، عەلی عیرفان ئەفەندی، حاجی سەعید ئاغا، ئەحمەد بەگ فەتاح بەگ-حەمدی شاعیر، محەمەد بەگ قادر پاشا، حاجی ئیبراهیم پاشا، میرزا تۆفیق قەزاز، محەمەد بەگ حاجی رەسول بەگ، مەحمود ئەفەندیی رەئیسی بەلەدییە، فەتاح ئەفەندیی ئەوقاف، فایەق بەگ مەعروف بەگ، شەوکەت بەگ عەزمی بەگ).

بەهەمان نێو و مەبەست لە ١٩٢٥/١/١٦ لە موسڵ کۆمەڵێکی ئەوتۆ دامەزرا کۆمەڵەی سلێمانی ـ خاوەن بەرنامەی بلاوکراوە لە ڕۆژنامەی ژیانەوەدا ـ جوانتر لەم دوو بەندە گرنگە دەناسرێتەوە.

**ب١**/غایەی ئەم جەمعییەتە، مودافەعەی وەتەن و حودودی حازیرەی ویلایەتی موسڵە، کەلە موتەممیاتی عێراق مەعدوودە.

**ب٢**/وەتەن مەملەکەتەکەیان، لەگەڵ ویلایەتی موسڵ بەجۆرێکی لایەنفەك لە عێراق عەدد ئەکات.

دوای نەمانی(جەمعییەتی مودافەعەی وەتەن، کۆمەڵێکی سیاسیی بە نێوی (جەمعییەتی پێشکەوتنی کوردان)ەوە هەڵکەوتوو، لەوبارەیەشەوە لێکۆڵەر بەڵگەنامەی بەرنامەی کۆمەڵەکەی خستوەتە ڕوو و لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و چڕو پڕی لەو بارەیەوە کردووە.

لەزنجیرە(٨) دا کێشەیێکی سیاسی بەنێوی نوسین و خوێندەواریی کوردییەوە خستوەتە ڕوو، لێکۆڵەر بۆ ئەمەش لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەی بە گوتارێکی سەر وەزیرانی مەملەکەتی عێراق داوە، کەلەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران ـ پەرلەمان ـ لە١٩٢٦/١/٢١ وتویەتی:(ئەم ولاتە ناژیێ تا هەموو ڕەگەزێکی هەموو مافێکی خۆی پێ نەدرێ، پێویستە مافەکانی گەلی کورد بدرێ، پێویستە کارگێڕەکان بە هەڵبژاردەی نێوخۆی بێ، پێویستە زمانیان بە ڕەسمی بناسرێت، پێویستە مندالانیان لە قوتابخانەکان دا بەزمانی خۆیان بخوێنن). بۆئەمەش ساتیعولحوسەریی ـ عەرەبی یەمەن:١٨٨٠ز ـ ١٩٦٨ز.ڕێبەری گشتی مەعاریفی عێراق لە

نێوان ١٩٢٣/١/٥ـ١٩٢٧/٧/٣١ ز.دا ئەو ئەرکەی هێنـدە بـچوك کردوەتـەوە، نێـوی لیٚ نـاوە (باسی نوسین بـەزمانی کـوردیی/قـضية الكتابـة باللغـة الكرديـة ـ قـەزییەتولکیتابـە بیللوغـە لکوردییە)، ئەم نێونیشانە بـچکۆلانەیەو لـەم چـێوە تەسـکەدا کەجێگـەی (باسـی سـەپاندن و بلاوکردنەوەی کوردیی)گرتووەتەوە، دواتر لێکۆڵەر لـەبارەی یاداشـتی ساتیعولحوسـەریی دواوە، چەند لایەنێکی یاداشتەکەی خستوەتەروو لەئەنجامی لێکۆڵەرینەوەکـەی دا لێکۆڵـەر ئـەم سـیٚ خاڵەی بەرجەستە کردوە

*ئەنجامی ڕیبەری مەعاریفی گشتی، هیچ متمانەیەکی زانستی پـیٚ نابرێت و دەچـێتە خانەی ساختەوە.

*باسـەکە وەك باسـێکی تایبـەتی کەسـی تۆفیـق وەهبـی و مـەعاریفی گـشتیی و ڕێبەرەکەی، هەروەها کێشەی ڕێنوسیٚ نابێتە بەرچاو بـەڵکو تـەواو دیـارە کـە گـەورەترەو ئـەو بڕوبیانووانەی بەنێوی نوسین یان ڕێنوسەوەن، فێڵێکە بۆ مەبەستێکی گەورە.

*چ کەسێکی ژیر باوەڕ ناکات کـە ڕێبـەری مـەعاریفی گـشتی بـەئارەزووی خـۆی ـ بـیٚ پشتیوانیٚ ـ ئەم هۆش و ئەتوارو ڕەفتارانە بنـوێنیٚ و بڕیاربـدات، ڕاسـتییەکەی دەبێـت گـەورە کەسانێك لە پشت پـەردەوە ئافـەریینیان کردبـیٚ، سەرچـاوەکانی مێـژوش ڕادەگەیـەنن کەهـەر حیجازیی (پاشا فەیـسەڵ) ئـەم کەسـەی هێناوەتـە عێراقـەوەو پێـی دەنـازیٚ، دیـارە کێـشەش سیاسییەو ئەم کابرایە دەسکەلایەتی، بـۆ ئەمـەش لـە دوێنـی بەشـی یەکـەم دا مـەتنی نامـە عەرەبییەکەی مەعاریفی عێراقی وەك بەڵگەنامەیەك بلاوکردوەتەوە کەلە ٧ ی مارتی ١٩٢٦ بە ژمارەی ٦٣٨/٣/١ دەرچووە.

لەزنجیرە (٩) دا لێکۆڵەر، بەوردی باسی ژیان و ڕۆڵی دوو ڕۆژنامەوانی کـوردی کـردووە، بەنێوی عەبدولکەریم سلێمانیی و مستەفا شەوقی، لە پێـشەکیەکەیدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە کە لەساڵی ١٩٨١ دا، جەمال خەزنەدار، ٣ ژمارەی گۆڤاری تورکیی ـ کـوردیی (ڕۆژی کـورد/ ڕوژکـرد ـ ٦ی حوزەیران ، ٦ی تـەموزی سـەرلەنویٚ چـاپ و بـلاو کردەوەتـەوە، ئـەوەی ڕوون کردوەتەوە کە گۆڤارەکە سەر بە (کۆمەڵی خوێنـدکارانی کـورد ـ هێڤـی) ی ئەسـتەنبوڵ بـووە، خـاوەن و بەرپرسیـشی (عەبدولکـەریم ـ یـان ـ عەبدولکـەریم سلێمانی) بـووە، دواتـر نێـوی

گۆڤارەکە گۆڕاوە بە (هەتاوی کورد/هتاوکرد - ژ١١ی تەشرینی یەکەمی ١٣٢٩ز - ١٩١٣ز.و خاوەندو بەرپرسیشی عەبدولعەزیز بابان بووە.

لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوە وردو قوڵەکەی دا پەلی بۆ هەموو بوارە جیاجیاکان کێشاوە، ئەوەی خستوەتە ڕوو تا ئێستا هیچ کەسێ گرنگی بەم گۆڤارە نەداوە و رۆشنایی نەخستوەتە سەر گۆڤارەکە و بەرپرسی گۆڤارەکە لەڕیزی لە ڕۆژنامەوانی دا بۆ ئەمەش پەنای بردووەتە بەر کەشکۆڵەکەی مامۆستا نەجمەدین مەلا کەوتویەتی :(عەبدولکەریم کوڕی حاجی عبداللە - ئەولا - حەمە کەرکووکیی خەڵکی سلێمانییە. ساڵانی ١٨٨٠ز. لە سلێمانیدا لە دایك بووە، لەحوجرەی مەلایانەوە خوێندویەتی، دواتر چوەتە(مەکتەبی روشدییەی سەربازیی سلێمانیی)، لەلای شاعیری گەورە (مەحویی) دەرزی ئەدەبییاتی فارسی وەرگرتووە.

*مامۆستا کەمال رەئوف محەمەد لەسەرزمانی قادری حاجی مەلا سەعید ی برازای عەبدولکەریم ی ڕۆژنامەوانەوە دەڵێت :(کە بابی:حاجیی مەلا سەعید کەرکووکیی لە هەلی یەکەم سووڕی مەجلیسی مەبعوسانی عوسمانییدا، ١٩٠٨/١٢/١٧، برا بچوکی خۆی، عەبدولکەریمی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ ئەستەنبوڵ، لەمەکتەبی حقوق - دا نێونوسی کردووە تا خوێندنی ئەو قاتیی - پارێزەری - تەواو بکات.بە لیچك دانەوەی خۆم ساڵانی ١٩١١ـ١٩١٢ خوێندنی تەواو کردووە و بووە بە پارێزەر...

نەجمەدین مەلا دەڵێت (عەبدولکەریم لەگەڵ ئیسماعیل حەققی بابان دا، لە کۆمەڵی تەعالیی تەرەققی کورد ـئەستەنبوڵ دا هاریکارییان کردووە).

ڕۆژنامەی لوبنانیی فڕەنسیی زمان ( لۆژووغ LE JOUR) دەڵێت :(کەریم بەگ - حاکمی سلێمانی - لەئەستەنبوڵدا -رۆژی کورد- ی دەرکردووە).

نەجمەدین مەلا دەڵێت:(پۆلیسی عوسمانی کە زانییان نوسینەکانی عەبدولکەریم -کوردان هوشیار دەکات - گرتیان نزیك بووملی بکەن بە پەتدا.

تۆفیق وەهبی ناسیاوی سەردەمەکەو عەبدولکەریم - لەلای نوسەر م.ر.**هاوار** باسی کردووە و دەڵێت (کەریم بەگ یەکێك بووە لە ڕیزی کوردە چالاك و چەلەنگەکانی ئەستەنبوڵ،

لەسەر نوسینە توندوتیژەکانی خۆی لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)دا حکومەتی عوسمانیی زینـدانیی کرد، خانەدانی بەبەکان ـ فریلی کەوتن و لە زیندان ڕستگاریان کرد.

قـادری بـرازای بـە لێکۆڵـەری وتـووە:(لەسـاڵی ١٩١٩ز.دا کـەریم بـەگ گەڕاوەتـەوە بـۆ کوردسـتانی باشـور و چـوەتە بەغـداد و سـەرقاڵی پیـشەی پـارێزەری بـووە. ڕۆژنامـەی ژیـان ١٩٢٦/٣/١٧ رادەگەیێنێت کە ئەو ـ کەریم بەگ ـ تا ئەو ڕۆژگارە سەرۆکی داوەرانی کەرکوك بووە، هەمان ڕۆژنامە لە ١٩٢٧/٥/٢٤ هەواڵی ڕاگەیاندووە کـە (کـەریم بـەگ لەئـەو هەلـەدا بووە بەداوەری دادگای مونفەریدی سلێمانی).

دواتر قادری بـرازای لـەبارە چارەنوسی مامیـەوە دەڵێت: (مامـە عەبدولکـەریم توشـی نەخۆشی ددانی بوو، پزیشکێکی فەلەی موسڵ لە سلێمانی ددانی کێشاو توشـی خـوێن پـژان بوو، هەر ڕانەوەستا، تابۆ دواجار ماڵئـاوایی یـەکجاریی کـرد، نەجمـەدین مـەلا دەڵێـت :ڕۆژی چوار شەممە ١٩٢٩/٩/١٨ کۆچی دوایـی کـردووە لـەئارامگای سـەیوان لەسـلێمانی سـپێردرا. عەبدولکەریم ژنی نەهێناوەو بێ نەوە سەری ناوەتەوە، زمانەکانی کوردیی، تورکیی، فارسیی، عـەرەبیی، فەرەنسیی، بەنوسین و خوێندنـەوە زانیـوە، لێکۆڵـەر لـە پاشـکۆ -١-دا گوتـارێکی عەبدولکەریم سلێمانیی بەنێوی (هەر من بم و کەسی تر نەبێ) بڵاوکردەوە.

دواتر لەلاپەرە(١٨٩) دا لێکۆڵەر لەبارەی مستەفا شـەوقیی دواوە لـە پێـشەکیەکەی دا، بەوردەکارییە پـڕ لـە ماندوبونەکـەی دا توانویـەتی لەبەدواداچونەکانی دا ڕونـاکی بخاتـە سـەر ئەو(دوومستەفا شەوقی) یە یەکەمیان خەڵکی سلێمانیی و (ئاغازادە) و دووهـەم مـەهابادیی (قازیی) زادە بووە.

لـەبارەی مـستەفا شـەوقی ڕۆژنامەوانـەوە ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە کـوڕی ڕەمـەزان ئاغایە، دایکی و بـاوکی خـەڵکی شـاری سـلێمانین، ١٨٨٩ لەبەغـداد لـەدایك بـوو، تەمـەنی هەشت ساڵ بووە لەشارێکی کوردستانی باشـور ژیـاوە، دواتـر بـەهۆی فـەرمانی بابیـەوە کـە ئەفسەری عوسمانی بووە بەجێی هێشتوە، لێکۆڵەر دەڵێت بەم پێیە لەسەرەتادا لـە فێرگەیـەکی ئاینی و دواتر لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی عوسـمانی دا خوێندویـەتی، تاگەیـشتووەتە قۆنـاغی (مەکتەبی حەربییەی ئەسـتەنبوڵ، لـە١٩١٦ دا بـووە بەئەفـسەر ـ ملازمـی دووەم ـ دیاریـشە

تێکەڵی جەنگی گێتی یەکەمیش بووە، دوای بڕانەوەی جەنگ لە ١٩١٩ گەڕاوەتەوەبۆ بەغداد بۆ دیدەنی کەس و کاری جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەنبوڵ. رەفیق حیلمی دەڵێت: لە حوزەیرانی ١٩٢٣ دا مستەفا شەوقی خەریکی گەڕانەوە بووە بۆ عیراق، لە٢١ حوزەیرانی ١٩٢٤ دا بەفەرمانێکی پاشایانە بە - پلەی جارانیەوە ـ لەسوپای عێراق دا وەرگیراوە، لە١٩٢٤/٩/١٥ دا نێویشی دەرچووە، لە٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ داخانەنشین کراوە، لەگەڵ بوژانەوەی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان ـ س١، ژ١٤ ـ ٢٨ ، ١٩٢٦/١/١ وەك نوسەرێك دەرکەوتووە، دواتر ناوی نەما، لێکۆڵەر وای بۆچووە کەئەوسەردەمانە سەرقاڵی وتنەوەی وانەی کوردیی، فارسیی، تورکیی بوبێ بەخەڵك، لە ١٩٢٦/١١/٢٩ دا خۆی مۆڵەتی دەرکردنی بڵاوکراوە ـ شێوە گۆڤاری ـ (پەیژە ـ س ١٩٢٧) ی ئەدەبیی، کۆمەڵایەتیی وەرگرتووە و تاکە ژمارەیەکی پێ دەرکراوە.

باسی بەڵگەدار هەیە لە١٩٢٧/٧/١٠ دابووەبە سەرۆکی کۆمەڵەی سیاسیی نهێنی (پشتیوان) بووە لە بەغداد بەڵگەی ڕەسمی ئینگلیزیی ساڵی ١٩٢٨ بەدەستەوەیە، کەسکرتێری کۆمیتەی نێوەندی کۆمەڵی سیاسی نهێنی (خۆیبون) بووە لەبەغداد، لەساڵی ١٩٣١ دائەندامی دەستەی ڕێبەری یانەی رۆشنبیری کوردانی بەغداد (یانەی سەرکەوتن)بووە، لەمانگی تەشرینی یەکەمی ١٩٣٦ دا رییبەری سەربازگر ـ مدیر تەجنید ـ ی هۆزەکانی باژێری بەسرە بووە، دواتر بەهەمان وەزیفە راگوێزراوە بۆ باژێری رەواندز و چەند ساڵێکی لەوێ بووە بەپێی دوا هەواڵێ ـ لەساڵی ١٩٤٢ دا بەنەخۆشییەکی کتوپر هەر لە ڕەواندزدا مردووە و ئەسپاردەی گۆرستانی (گەردەگەرد) کراوە، ژنی نەهێناوە و هیچ دانراوێکی لێ بەجێ نەماوە، تەنیا خەدیجەی خوشکە گەورەی هەبووە، لێکۆڵەر دەڵێت:(مستەفا شەوقی رۆشنبیرو (ڕۆژنامەوان) بەهۆش و بیرێکی نەتەوەپەروەرانە لەم ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەدا گوتاری بڵاوکردۆتەوە (ژیانەوە ـ ١٩٢٥/١١/١٩ ) (بانگ کوردستان ـ ١٥و١٩٢٦/٢/١٨)، (ژیان ـ ١٩٢٦/٢/٢٥) ، (پەیژە ـ ١٩٢٧/٥/٢٣)، (زارکرمانجی ـ ژ٢١، س١٩٢٠) لەلاپەڕە ١٩٩١دا گوتارێکی مستەفا شەوقی رەمەزان ئاغای لەپاشکۆدا بڵاوکردۆتەوە.

لــەزنجیرە(١٠)دا، لێکۆڵــەر بــەزمانێکی رۆژنامــەوانی ســەرنج راکێــشەرو ورد، کــە سەلیقەیەکی وردو قولی پڕ لە تێڕامانی لەخۆگرتووە بۆ دەرخستنی ژیانی تایبەتیی و هونـەری دووژنە گۆرانیبێژی سەرقەوان دایکی جەمال و مریم خان، کاتی خۆی ئەم بابەتـەم لەبەرنامـەی (رۆژێ لـەرۆژان)ی ئێزگـەی کـوردی بەغـدادەوە بیـست، نـەك مـن هـەزاران گـوێگری هـەژان، لێکۆڵەر جگە لەوەی لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنوس و نوسەرێکی کوردی زان و خاوەن ئەزمونە، ئەو ساڵانە ڕۆژنامەوانێکی بیستراوی لێهاتوی ئەو رادیویە بـوو، هـەزاران گـوێگری لەبەرنامەکـەی گرد کردبوەوە، چەند بەسەلیقەیەکی وورد بابەتەکانی دارشـتووە، ئـاواش بـەزمانێکی پـاراو و قورگێکی بێژەرانەی وردەوە، وشەو ڕستەو ئاماژەکانە دەڵێتـەوە، کـەگوێگر بەتاسـەوە نـوقمی ناو باسەکەی دەبێت، لەگەڵ دەنگی پڕلەزوڵاڵ و ناسکی پڕلەوردەکاری مامۆستا کەمال رەئوف محەمەد دا لەگەڵ بابەتەکەدا ئاوێتە دەبێت وحەزناکات بابەتەکەی کۆتای بێت.

ئەم تەکنیکە تایبەتە بە ئاستی ڕۆشنبیری و عەشقی دەروێشانەی لێکۆڵـەر، کـەبۆ هـیچ بەرهەمێکی دەسـت و سـان نـەبووە، بـە ڕۆحێکـی سـۆفیانەی رۆژنامەوانیـەوە، بەبـەردەوامی گەڕاوە بۆ خستنە ڕووی نهێنییەکان و خستنە رووی شتە شاراوە نادیارەکان، لـە بەدواداچـون و لێکۆڵینەوەی (دایکی جەمال)دا، گەوهەرێکی گەورەی دەگمەن دەبینین، کـە شـێوەیەکی نـوێ لێکۆڵینەوەو ریپۆرتاج و راپۆرتە هەواڵ و لێکۆڵینەوەو بەدواداچونی پێکـەوە گـرێ داوە، بـووە بە چیرۆکێکی هونەری سەرنج راکێش، بەو زمانە پڕ لە تەکنیکە نوێیە، خوێنەرو گوێگر وا بـۆ ناو بابەتەکە کێش دەکات کەچەند جارێکی تر لە خوێندنـەوەو گوێگرتنـەوەی بێـزار نـەبن، بـە تامەزرۆییەوە، قەت بابەتەکەی لا کۆن نابێت، ئەمەبەشێکە لەو شـێوە داهێنەرانـەی کـەدەبێ لە قوناغەکانی خوێندن و کۆلیجی ڕاگەیاندن دا بخوێندرێ.من لێرەدا ناچمە سەر ژیانی دایکـی جەمال و مریم خان، بەڵام لە گەشتە چەند ساڵەکەی لێکـۆڵ دا ئـەوە دەبینمـەوە کـە تـا ئـەو عەشـقە دەروێـشە ڕۆژنامەوانیـە لـەناخ و هەسـتمان دادروسـت نەکـەین نـاتوانین لـەم جـۆرە بەرهەمانە تۆمار بکەین.بەڵگەم بۆ ئاماژەکانم فەرمون خوێندنەوەیەك بۆ دایکی جەمال مـریم خان ، کەوەك دوو ژنە هونەرمەندی کورد رووبەروی چ جۆرە نەهامـەتیەك و زەمەنە دژوارەکـان بوونەتەوە.

لەزنجیره (١١)دا لێکۆڵەرینەوەی لەبارەی نەشرییاتی کوردیی و مەریوانیی کردووە، لە ڕێرەوی باسەکەی دا، باسی دواهەڵکەوتنی چاپخانە لە دەوڵەتیی عوسمانییدا لە ساڵی ١٧٢٧ز.دا، تاقە بەرهەمێکی ناسراوی شاعیرێکی کورد کەبە فەرمانی سوڵتان عەبدولعەزیز چاپ کرابێ، (دیوانی مەولانا خالید ـ س١٨٨٤) ە، لەکۆششی تاکەکەسیی و کۆمەڵیی باسی ڕۆڵی میقداد عەبدولرەحمان بەدرخان لە یەکەم جاردا، ئەوجا سورەییابەدرخان لەدووەم و سییەمجاردا، کەڕۆژنامەی (کوردستان) یان لەنێوان ساڵانی ١٨٩٨ ـ ١٩٠٢ ز.قاهیره ، ژنێف، لەندەن، فۆلکستۆن ١٨٠٩ ـ ١٩٠٩ ئەستەنبوڵ، ١٩١٧ ـ ١٩١٨ ز قاهیره وە دەرکرد، حسین حوزنی موکریانی لەساڵی ١٩٢٥ لەباژێری حەلەب دا چاپخانەیەکی کڕی و لە ساڵی ١٩٢٦ لە ڕەواندز دایمەزراند و لەلایەکەوە گۆڤاری (زاری کورمانجیی)، س١٩٢٦ــ ١٩٣٢ دەرکردو لەلایەکی ترەوە، بەرهەمی هەمەجۆری کوردیی خۆی و نوسەرانی دی چاپ و بڵاوکردەوە، کۆمەڵی هاریکاریی و پێشکەوتنی کورد ـ س ١٩٠٨ ـ ١٩٠٩ /ئەستەنبوڵ چاپخانەیەکی کوردیی کڕیی، لەلایێکی دیەوە ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقیی ـ س١٩٠٨)ی دەرکرد، (کۆمەڵی هێڤی ـ س ١٩١٢)وچاپ و بڵاوکردنەوەی هەردوو گۆڤاری (ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد ـ س١٩١٣)، (کۆمەڵی پێشکەوتن ـ تەعالیی ـ کورد:س ١٩١٨ .ئەستەنبوڵ)چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (ژین:١٩١٨ ـ ١٩١٩)چاپ و بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێکی کوردی، وەك کۆمەڵی کوردستان ـ س١٩٢٢.سلێمانیی(و دەرکردنی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان ـ س١٩٢٢)، حکومەتی داگیرکەر ....وەك کردەوەی ئینگلیز لەبەغدادی داگیرکراودر، یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی (تێگەیشتنی ڕاستی، س١٩١٨ ـ ١٩١٩ز) دەرکرد، دواتر لەسەرەتای ١٩٢٠ دایەکەم چاپخانەی کوردی هێنایە سلێمانیی و ڕۆژنامەی پێشکەوتن ـ سلێمانیی :(١٩٢٠ــ١٩٢٢ز) دەرکردو هێندێ کتێبیشی چاپ و بڵاوکردەوە، موتەسەرریفییەت و بەلەدییەی سلێمانیی ژێر ماڵەی مەملەکەتی عێراق، بە چاپخانە بەجێماوەکەی بەریتانیای داگیرکەرو مەملەکەتی کوردستان، ڕۆژنامەکانی (ژیانەوە س ١٩٢٤ــ١٩٢٦) و (ژیان س١٩٢٦ـ١٩٣٤ز) و (زبان:س١٩٣٧ــ١٩٤٠ز) یان دەرکرد و هێندێ کتێبیان پێ چاپ و بڵاوکردەوە. حکومەتی خۆماڵی، مەلیك مەحمودی یەکەم بە چاپخانە پاشماوەکەی ئینگلیزی

داگیرکەری سلێمانیی، چەند رۆژنامەی وەك (رۆژی کوردستان، س١٩٢٢ـ١٩٢٣ز) و (بانگی حەق ـ ١٩٢٣) و (ئومێد ئیستیقلال، س ١٩٢٣ـ١٩٢٤) ی دەرکردو چاپەمەنیی و بەیاننامەکانی حکومەتیان پێ چاپ و بڵاودەکردەوە.دواتر لێکۆڵەر لەبارەی کوردیی و مەریوانیەوە ئاماژەی بەوە کردوە کە موستەفا سائیب (١٩٠٤/٨/٢٥.کفریی ـ١٩٨٠/١٢/٩ سلێمانیی) کوڕی مەلا ئەحمەد سائیب (قازی)، کوڕی مەلاقادری مەلا حەسەن قەرەداخیی.لە ١٩١٩ز.دا خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانییدا تەواو کردووە، لەئەیلەلی ١٩٢١زدا چوەتە قوتابخانەی عیلمیە ـ پیشەسازی کەرکوك ـ لە ١٩٢٣ز.دا دوو پۆلی نێوەندی ئەو قوتابخانەیەی تەواو کردووە و ئەوسا چوەتە مەکتەبی ئەندازە) ی بەغداد، لە هاوینی ١٩٢٦ز.دا خوێندنی تەواو کردووە و ، لە پایزی ئەو ساڵەدا بووە بە ئەندازەوان لە دایەرەی ئەشغالی سلێمانیی، بەهۆی ئاشکرابوونی جموجۆڵی سیاسیەوە ئاشکرا بووە و دوورخراوەتەوە بۆ(گەلی عەلی بەگ، موسل، بەسرە، دیوانیە حیللە، کەربەلا)و لە ساڵی ١٩٣٨ز.دا لەبەغداد گیرساوەتەوە تاسەرەتای حەفتاکان خۆی خانەنشین کردووە، دواتر بەیەکجاری هاتوەتەوە بۆ سلێمانی لەپاڵ برازاکانی ـ کوڕانی جەمیل سائیب و جەلال سائیب دا ژیاوە تا بەنەخۆشی پرۆستات کۆچی دوایی کردووە لە گردی سەیوان بەخاك سپێردراوە، هاوسەری نەبوەو بەرەبەن ژیاوە، زمانی تورکیی و فارسیی و عەرەبی و هێندێ ئینگلیزی زانیوە، لە ١٩٤٥ دا، چیرۆکی دزی لە گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە، لەبواری رۆژنامەنوسی کوردی چەندان بابەتی هونەری ئەدەبی، رۆشنبیری، رەخنەگریی کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە بە ئیمزای (زەکی سایب، کوردیی، کوردێك، ك، نەورۆز، پەروێز، شاهۆ لە (پێشکەوتن، سلێمانی، بانگی کوردستان، ژیانەوە، ژیان، زاری کرمانجی، گەلاوێژ).

لەگرەوی نوسینی کوردی پەتی (پێشکەوتن ـ سلێمانی:س١، ژ٣٠، پێنجشەممە ١٩٢٠/١١/١٨) دا، پەخشانە هونەریەکەی (بۆچیرۆك) خەڵاتی دووهەمی بەرکەوتووە، جەمیل سائیب ی برا گەورەی خەڵاتی سێیەمی بۆ (رۆژەوەبوونێك) وەرگرتووە.

لێکۆڵەر دەڵێت: کوردیی، مستەفا سایب، ئەستێرە گەشەی نەتەوەی کوردە لەرۆژگارو بارودۆخێکی سەخت و ناسکدا، کوردستان پەرست بووە، پێشکەوتنخواز، ئەدەب و

هونەرپــەروەر، دۆســتی لاوان، لایــەنگری مــافی ئافرەتــان، سیاســیی لــەخۆبوردووی کــەم دەرکەوتووە، سەرراست، بەخشندە هەڵکەوتووە.

لەسـاڵی (١٩٢١ــ١٩٢٦)، لەکـەرکوك دامــەزرێن و برِبــڕەی _کۆمــەڵی لاوان)بــووە، خزمەتگوزاری هەمیشەیی (کۆمەڵی زانستی کوردان)بووە، پیرەمێردی رۆژنامــەنوس ـ خـاڵی ـ چەند جارێ لێـی نوسیوەو لـە کـردو کـۆش و بەخـشندەیی دواوە، شـاکیرفەتاحیش ستایـشی دڵسۆزی و چالاکی و کارامەیی کردووە.

پێشڕەوی شانۆی کـوردی فوئـاد رەشـید بـەکر لـەلای مامۆسـتا کـەمال رەئـوف محەمـەد وتویوتی:مستەفا سائیب هەموو کردەوەیـەکی رەوشـت بەرزانـە، هێمنانـە، نەتەوەپەرسـتانەیی بەجێ دەهێنا، پارەو پولی هەمووی بۆ کوردایەتیی عەمەلیی بـوو، لـە ١٩٢٦ دا ئـەو ئێمـەی خستە سەر کەڵکەڵەی تەمسیل کردن.

لەکۆمەڵە نهێنییەکانی سلێمانی (کۆمەڵەی زەردەشـت ـ١٩٢٦)دا بـاوەڕپێکراو سـەرۆك، لە(کۆمەڵی خویبوون ـ١٩٢٧)دا سەرۆکی لق بوو.

لێکۆڵەر ئاماژە بەوە دەکات پێ دەچـێ لـە سـاڵانی سییەکان پێوەنـدی بـەهێزی (پـارتی خۆیبوون)ەوە هەبوبێ، تاساڵی١٩٢٣، لەبەر رۆشنایی نامەیەکی عەبدوڵڵا عەزیزی هاوەڵی.

لێکۆڵـەر لـەبارەی ژیـانی مـەریوانی (تـاهیر بەهجـەت مـەریوانیی دەڵێـت لـە (١٩٠٥ سلێمانی ـ١٩٧٠/١٠/٣٠ ئەمەریکا، کوڕی مەلامەحمودی سدیقی زادەی خەڵکی خەڵووزە)ی سەربەشاری مەریوانی کوردستانی خۆرهەڵاتە، بەفەقییەتی هاتووە بۆ سلێمانی، بووبە مەلای مزگەوتی (هەمزە ئاغا)باپیری دایکی مستەفا سائیب، وە لە پـەناوەش بـەمۆر هەڵکەندنـەوە خەریك بووە، سەلمای دایکی تاهیر خەڵکی سلێمانییە و خزمی محەمـەد ئـەمین زەکیـی وەزیـرو مێژونووس بووە، تاهیر خوێندنی لەگەڵ مستەفا سائیب لە سلێمانی تەواوکردووە، تاهیر بوبـێ بــەبرین پــێچ، لــە ١٩٢٦ لــو گونــدی شــارەبان کارمەنــد بــووە، لــە ١٩٢٩ ـ ١٩٣٠ دا گوێزراوەتەوەبۆ بەغداد، لێکۆڵەر دەڵێت پێدەچێت شەوان ئامادەیی تەواو کردبێت، دواتـر بـۆی لواوە رووی کردوەتە ئەمەریکاو بەخوێندنی پزیـشکیەوە سـەرقاڵ دەبێـت، لە١٩٣٠ ـ ١٩٣٨ لەگەڵ مستەفا سائیب بە (نەشرییاتی کوردی و مەریوانی)ەوە، خەریك بـووە، تـاهیر چـاپخانەی

مەریوانی دامەزراندووە و پێ دەچێ دوای ڕۆشتنی بۆ ئەمەریکا فرۆشتبێتی، لە١٩٣٩دا لە کۆلیجی دەرمانسازیی و زانست -College of Parmacy& Sinc-p.la) زانکۆی فلادەلفیا دەستی بە خوێندن کردبێ، دوای ماوەیەك ویستویێتی بچێ بۆ ئەڵمانیایا بۆ خوێندن بەڵام نەچووە، خەریك بووە لەبەر تەنگانەی دارایی دەست لە خوێندن هەڵبگرێ، بەڵام محەمەد ئەمین زەکی بۆی تێ کەوتووە و خراوەتەسەر خوێندکارانی دەوڵەتی عێراق تاباری خوێندن و گوزەرانی ئاسانتربوو تەواوی کردووە، باوەڕنامەی (M.SC وەرگرتووە، لەدوای ساڵی ١٩٤٨ دا ـ لە گۆڤارە کوردییەکاندا ـ نێوی بە پزیشك دەرکەوتووە، لە١٩٥٢ بۆ دیدەنی گەڕاوەتەوە بۆ نیشتمان، ڕۆژانە ١٢ـ ١٤ سەعات لەشاری شیکاگۆ وەك پزیشکێك کاری کردووە و وانەی بە خوێندکارانی کۆلیجی پزیشکی وتوەتەوە، زمانی کوردی و عەرەبیی و فارسیی و تورکی و ئینگلیزی زانیوە، لە١٩٤٠دا ژنی هێناوە، لە ١٩٤٥ لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە، دواتر بەنەخۆشی (بیر)تێکچوون مردووە، دواتر بەرهەمەکانی کوردیی و مەریوانی بە زنجیرە بڵاوکردوەتەوە کە چاپ کراون و (تاریخی نەشرییات)ەکانیشی کردووە. لەبەشی دووەمدا لەبارەی بنچینەی پرۆژەکە دواوە و قۆناغەکانی پرۆژەکەی خستوەتە ڕوو، بەسێ قۆناغ دابەشی کردووە.

١-قۆناغی ساڵانی ١٩٢٧ ـ ١٩٣٢ ز

٢-قۆناغی ساڵانی ١٩٣٢ ـ ١٩٣٦ ز

٣-قۆناغی ساڵانی ١٩٣٦ ـ ١٩٣٨ ز

پاشان بە پێی بەڵگەنامەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر (نەشرییاتی کوردیی و مەریوانیی کردووە، لەبەشی سێیەمدا ڕۆڵی پرۆژەکەو پەیوەندی سیاسیی خستوەتە بەرچاو، دواتر لە پرۆژەکەو چاپخانەی مەریوانی دواوە، لەدوا بەشدا پەیوەندی نەشرییات و خەڵکیی بەوردی باس کردووە.لێکۆڵەر لە ڕۆژنامەی (زبان) ی سلێمانیی دا ئاماژەی بەبەلەدییەی سلێمانی کردووە، کە خاوەنی (چاپخانەی بەلەدییە)بووە، کە تاکە چاپخانەی شارەکە بووە، لەدوای ١٩٣٧/٨/٢ دا، ئیجازەی بەکرێدانەوەی چاپخانەکەی بۆ پیرەمێردی خاوەنی ڕۆژنامەی

(ژیان) ی سەربەست نوێ نەکردەوە، بەڵەدییە خۆی ئەم هەڵەی قۆستەوە و ڕۆژنامەیەکی نیمچە ڕەسمیی، حەوتۆیی بەنێوی (زبان) ەوە داهێنا و بڵاوکردەوە.

پیرەمێرد وێڕای دەست کورتی ملی بۆ ئەم بەربەرەکانییە نەداو خانووەکەی خۆی بەبارمتە دانا، چاپخانەیەکی گەورەترو دەستگێری کڕی و هێنایەوە بۆ سلێمانی بەنێوی (ژیان) ی ڕۆژنامەوە، نێوی ناو لە١٩٣٧/٩/٢٠ شدا سەر لەنوێ (ژیان)ی چاپ و بڵاوکردەوە، ناحەزانی پیرەمێرد، دواتر پیلانێکی نوێیان دانا بۆ دواخستن و ڕاگیرانی (ژیان) لە ١٩٣٨/٣/١٠ دا، بەڵام پیرەمێرد سەرسەخت بووکۆڵی نەدا و لە بەغداد دا ئیجازەی بۆ ڕۆژنامەی (ژین) ی سەربەست و حەوتۆیی وەرگرت، لە١٩٣٩/١/٢٩ دا دەستی کرد بە چاپ و بڵاوکردنەوەی، بەم پێیە لەلایەکەوە(چاپخانەی بەڵەدییە) و (ڕۆژنامەی ژین) لە سلێمانیدا کەوتبونە گەڕ، لێکۆڵەر لەبارەی شوناسنامەی ڕۆژنامەکەوە دواوە، باسی شێوازی (پەخشانی ڕۆژنامەنوسیی) و (نوسەران و بابەتیان) کردووە، لەبارەی کلێشەی ڕۆژنامەکەوە دواوە، لێکۆڵەرینەوەی لەسەر ڕیشەی نێولێنانی ڕۆژنامەکەوە کردووە، دەست نیشانی سنوری دەرچونی و کارگێڕەکانی کردووە.

لە زنجیرە (١٣)دا، لێکۆڵەر-مامۆستا کەمال رەئوف محەمەد- باسی رۆڵی یەکەم گۆڤاری سلێمانیی کردووە بۆ ئەمەش ئاماژەی کردووە کەئەگەر مێژووی رۆژنامەنوسیی، (بانگی کورد/بانگ کرد: بەغداد - ١٩١٣) و (دیاریی کوردستان:بەغداد - ١٩٢٥) و (زارکرمانجیی:رواندز - ١٩٢٦) و (پەیژە:بەغداد - ١٩٢٧) و (ڕووناکیی :هەولێر ١٩٣٥)ی بە یەکەم چەپکە گۆڤاری کوردیی کوردستانی باشورو عیراق ئاشنا کردبێ، دیارە لە رایەڵەی ئەو ساڵانەدا گۆڤارێکی سلێمانیی نادیتری کەلای خۆی بووە، ئەم باژێرە مەڵبەندێکی گەورەی خوێندەواریی و رۆژنامەنوسیی بووە و لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠- ١٩٣٥ دا حەوت ڕۆژنامەیشی بەخۆیەوە دیتوە.

لەساڵی ١٩٥٢ دا بۆ یەکەم جار مامۆستا عەلائەددین سەججادیی یەکەم هەواڵی ڕاگەیاندووە کە دەڵێت:(زانستیی، گۆڤارێکی نیو مانگی ئەدەبی یەکەم ژمارەی لە٥ی شوباتی ١٩٣٨ لە سلێمانی لەلایەن خاوەنەکەیەوە ساڵح قەفتان دەرچووە، لە ١٩٨٢دا، د.عیزەدین

مستەفا رەسوولّ ـ لەگەلّ گوتارێ ـ وێنەی (یەكەم لاپەڕەی گۆڤاری: زانستیی) بلاّوكردوەتـەوە، دەلّێـت: (لەكتێبخانـەی دەزگـای خۆرهـەلاّت و ئـەفریكا ناسـیی سـەر بـە زانـستگەی لەنـدەن دیومەو هەر لەوێ وێنەم گرت)،

لێكۆلّەر لە لێكۆلّەرینەوەكەیدا، ئەم بابەتانەی خستوەتە ڕوو (شوناسنامەی گۆڤارەكـە)، پێداچـونەوەی شـێوەی، زمـان و ڕێنوسـی، شـێوازی پەخـشان، بابەتـەكان، شـێوەی گـشتیی، مەجەللەی زانستی، وتەی تەئریخیی ـ تیجارەت، كۆلۆنێـل لـۆرانس، لەبـەحری ناوەڕاسـت دا، دیاریی پادشاكانی عەرەب بۆ جەلالەتی مەلیك فاروق، گەر راسـتە جەژنـە، ئـاین و عـادەتی ژاپۆنـەكان، بەچـیی كـوژران، خورمـا بۆعەسـكەر، كۆمەلاّیـەتی، لەولاّتـە پێـشكەوتوەكاندا حیزبایـەتیی، نوسـەرانی گۆڤارەكـە، خـاوەن گۆڤـار، سـالح قـەفتان، نوسـراوە چـاپكراوەكانی، لەبەشـی چـوارەم دا لێكۆلّـەر لێكۆلّینـەوەی لـەبارەی (نرخـی ڕۆژنامەنوسـیی و رۆشـنبیری بابەتەكان، باری دەرچون و چارەنوسی) نوسیوە.

لەزنجیرە(١٤)دا لێكۆلّەرینەوەیەكی وردو قولّ و چڕوپڕ لـەبارەی یـۆبیلی زێڕینـی رادیـۆیی كوردیی ـ عێراق دەبیـنین، لێكۆلّەرینەوەكـە بـە وتەیـەكی (ق.ئـە.لـەنین دەست پـێ دەكـات و دەلّێت(رادیۆ ڕۆژنامـەیەكی بێ سنورە) نوسەرو ڕۆژنامـەنوس و لێكۆلّەر دەلّێت (یەكەم ڕادیۆیی كـوردی ـ عێـراق ـ خێـراو كاریگـەرترین رۆژنامـەی كـوردیی بـووە بـۆ شـكاندنی سـنورە داتاشراوەكان.

لێكۆلّەر لە پێشەكیی دا دەلّێت: رادیۆی كوردی عێراق...یەكەمی بـێ وێنـە، لـەكاروانی ڕۆشنبیریی كوردو عێراقی عەرەبدا شوێنێكی بەنرخ و بێ هاوتای هەیە، لەلایێكەوە رۆشنبیری كوردیی و لەلاییێكی دیەوە گیانی عێراقپەروەری بلاّوكردەوە.

لەبارەی كامیل كاكە ئـەمینی یەكـەم چـاودێرو قـسە زان ـ موزیـع- ەوە ئامـاژەی بـەوە كردووە كە یەكەم كەس بووە بە ڕستەی كوردیی (ئێرە بەغدایە/هنا بغـداد) زمـانی گۆبكـات، لەچەند بیرەوەریەكی ـ كەبەزمانی عەرەبی نوسیویەتی بەهاندانی مـن، لـە(كـاروان ژمـارە١١، ئابی ١٩٨٣) بلاّومان كردەوە، جگـە لـە گفتوگۆیـەكی درێـژو تۆمـاركراوی نێوانمـان ـ هێـشتا بلاّونەكراوەتـەوە ـ دەلّێـت(ڕادیـۆی كـوردی عێـراق، ڕۆژی١٩ی تـشرینی دووەمـی ١٩٣٩ و

لەرایێلەی عەرەبیی بەغداد دا لەسەر هەمان شەپۆل دامەزراو بلاوکردنەوەی نواند و دەنگ و باسی و دوایی گۆرانییێ یان دووانی بلاوکردەوە...ئەم بارەش سالێکی خایاند.دوای ئەویش عەبدولقادر قەزازی قسەزان و وەرگێڕی دەنگ و باس لەپاڵ کامیل دا کاری کردووە پاشان کاك محەمەد عەلی کەریم، لەساڵی ١٩٤١ چوەتە سەر ئیشی ڕادیۆیی، رادیویی کوردیی بەتەنێ یەك دەنگ و باسی پێشکەش دەکردو دوایی گۆرانییەکی بەدوادا دەهات، ئەمەش لەکاتی مانگی یەکەمەکانی دووەم جەنگی گێتی دابوو، شاعیری میللی، (بەنگینە ـ حاجیی باقیی)کارمەندێکی ڕۆژنامەکەی پیرەمێرد (ژین ـ ژمارە٥٩٠، لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٠، بەنێوی (هەڵبەستی بەنگینە)ەوە، مژدەی دامەزراندنی ڕادیۆی کوردی دامەزراندووە دەڵێت:

مژدەبێ کورگەل واناومان نرا
رادیۆ زبانی کوردیی تێخرا
خاڵە پیرەمێرد خاوەندی ژیان
گەوهەر فرۆشی دوکانچەی کوردان
من ئەم شەو سەرم گەییە ئاسمان
رادیۆ بەگوڕەی کوردیی ئەینەڕاند
تۆو ئەمین زەکی زەکاتان نواند
ئاساری کوردان ئێوە تۆوتان چاند.

لەزنجیرە(١٥)، یەکەمین رۆژنامەی هەولێر، مامۆستای لێکۆڵەر لەبارەی هەموو سەرچاوەکانی رۆژنامەنوسیی کورد و عێراقی وەکو (مێژووی رۆژنامەگەری کوردیی ـ ١٩٧٠) و دەلیلو سەحافە ئەلعێراقییە ـ ١٩٧٠) و(رابەری رۆژنامەگەری کوردیی ـ ١٩٧٣) و (ئەلمەوسووعەلسحوفییە ـ ١٩٧٦) و پاشکۆی (تێگەیشتنی راستیی و شوێنی لەرۆژنامەنوسیی کوردییدا ـ ١٩٧٨) کە باسی نوخشەی رۆژنامەنوسییی نێو باژێری (هەولێر)یان کردووە، نێوی دوو گۆڤاریان هێناوە، گۆڤاری (ڕوناکیی ـ ١٩٣٥ ـ ١٩٣٦) و(هەتاو ـ ١٩٥٤ـ١٩٦٠) کەیەکەم حەوتۆیی و دووەم پازدە ڕۆژیی بووە.کۆمەڵی مامۆستای

هەولێر لە ١١ی کانونی یێکەنی ١٩٥٠دا نزیکەی سێ ساڵ ڕۆژنامەیەکیان بەنێوی (هەولێر)ەوە بەعەرەبیی و کوردیی بڵاوکردۆتەوە.

لێکۆڵەر زۆربەی کاتەکانی خۆی خستوەتە گەر بۆ پشکنین و گەڕان و بەدواداچون بۆ ئەم بوارە، بەدرێژای ساڵی ١٩٨٥ــ١٩٨٦ عەوداڵی پرسکردن و گوێ هەڵخستن بووە بۆ دەستگیرکردنی هەواڵی دی ئەو ڕۆژنامەیە، دواتر لەبارەی شوناسنامەی ڕۆژنامەی هەتاو بەوردی دواوە، چ لەبارەی پێداچونەوەی شێوەی و ڕێنوسیی و شێوازی پەخشانی و بابەتەکانی و شێوەی گشتی ڕۆژنامەکە، لەمەتنی بابەتەکاندا ئەم بابەتانەی بڵاوکردۆتەوە (رەوشت و ئامانجی غەزەتەکەمان)، (ئامۆژگاری ئایینیی)، (ڕەبەن)، (نالیی)، (لەهەولێر کۆنتر)، (لاپەڕەیەك لەتەئریخی ئەدەبی کوردیی، مەلا مستەفا بێسارانیی، پایەی لە شیعرو ئەدەبا).

لێکۆڵەر لەبەشی سێیەمدا، لێکۆڵینەوەی لەبارەی دەستەی ڕۆژنامەکەوە کردووە و لەبارەی خاوەنی ڕۆژنامەکە (ئەمین رواندزیی)دواوە، ئەمین یان محەمەد ئەمین کوڕی مەلا حەسەنی رەواندزییە و بنەچەیان ناسراوی رەواندزە.دایکی نێوی خەدیجە بووە، لە ١٨٩٨ز لەرەواندز لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لەیەکەم فێرگەی روشدییەی مولکیی رواندزی سەردەمی عوسمانیدا دەسگیربووە، دوایی چووەتە ئامادەیی سەربازیی، ئەوجا لە مەکتەبی جەنگاوەریی ئەستانبوڵدا خوێندویەتی و بەپلەی ملازمی دووەم بووەبە ئەفسەر، لەیەکەم جەنگی گێتیدا بەشداربووە، دوای ئاگربەست گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە١٩٢٢/١١/٢٥ لە ڕیزی سوپای عێراقدا، بەپلەی ملازمی دووەم دامەزراوە، لە١٩٢٢/٥/٢٥ لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دی کورد لەبەغدادەوە هاتۆتەوە بۆ سلێمانیی و تێکەڵی ـ بزوتنەوەی کورد ـ حوکمڕانیی دووەم جاری حەفید زادە شێخ مەحمود بووەو تا ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵی بووە، دواتر بەپلەی نزمتر ـ ملازمەوە ـ لە سوپای عێراق دا دامەزراوەتەوە، لەساڵی ١٩٢٦، دوای موسڵ لەهەڵەبجە لەریزی ئەو سوپایەدا بووە، لە١٩٢٧دا پلەی بە پلەی ملازمی یەکەم هەر لەئەوێدا بووە، لە١٩٤١ بە پلەی رەئیسەوە لەبازێری هەولێر فەرماندەی فەوجی سوپابووە، لە١٩٤٧/٧/١٦ دا بەپلەی موقەدەم خانەنشین کراوە، دواتر بووە بەرێبەری بەلەدییەی ڕواندزو خزمەتگوزاری ئاوەدانیی بووە، لە١٩٥٥/١١/١٦ دا بەنەخۆشییەکی گرانەوە لە بەغداد ماڵ

ئاوایی کردووه و له گۆرستانی (بابولوعەززەم) بەخاك سپێردراوه، لەموسڵ ژنی هێناوەو نەوەی پێگەیشتوی هەیه لێکۆڵەر دەڵێت : عەبدورەزاق ئەلحەسەنیی سێجار ناوی بردووه.

*له ١٩٣١ ئەندامی دامەزرێنی (کۆمەڵی پشتیوان)ی سیاسیی و نهێنیی بووه.

*دوای نێوی رەفیق حیلمی ـ دووەم کەسی نێو دەستەی دامەزرێنی (پارتی هیوا ـ ١٩٣٩ز) بووه.

*له١٩٣٥ دا نوێنەری هەولێر بووه له پەرلەماندا.

عیزەدین فەیزیی دەڵێت (لەهەرایەکی مانگی مایسی ١٩٤١ز دا کەلەهەولێردا دژی ئینگلیزدا رووی دا، ئەگەر سالح زەکی ساحێبقرانی موتەسەریف و ئەمین رواندزیی فەرماندەی فەوجی سوپا نەبووایه، کارەساتێکی گەوره دەقەوما، زۆرکەس دەکوژراو ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ ی سلێمانیی له هەولیچر دووباره دەبووه.

ئەم کەسێتییه چەندان خوێندکاری وەك مندالی لەماڵی خۆیدا پێ گەیاندووه پەیوەندی ئەمین رواندزیی به رۆژنامەنوسیی کوردییەوه دەگەرێتەوه بۆ سەردەمی دووەم شۆرشی حەفید زاده شێخ مەحمود لەدژی ئینگلیزو ساڵی ١٩٢٣ز.له ئەشکەوتی جاسەنه ـ سلێمانییدا، لەلایەن لیژنەیەك یەکەم رۆژنامەی شۆرشگێری (بانگ حەق ـ ١٩٢٣) دەرکراو رواندزیش یەکێ بووه لەریزی لیژنه نێوبراوەکەدا.

ئەمین رواندزیی وەك رۆشنبیرێکی گوتار نووس و بەنێوی نادیارەوه چەشنی (موسڵ ـ رواندزیی)و بەنێوێکی نێو ئاشکراوه وەك :(ئەمین کوردیی ـ لەعەشیرەتی جبران.بەغداد) گوتاری بڵاوکراوەی له رۆژنامەی ژیانەوه-١٩٢٥)دا گوتاری هەبوبێ. دیسان له گۆڤاری (رووناکیی ـ ١٩٣٦)ی هەولێردا گوتاری هەیه که بەنێوێکی کورت بڵاوکراونەتەوه و یەکێکیان بەنێونیشانی (زبانانی گێتیی ـ عالەم)ەوه.

لەبەشی چوارەم دا، لێکۆڵەرینەوەی لەسەر نوسەری بابەتەکان و پەندی پێشینان و چاپخانەی چاپ کردن و دەنگدانەوەو دەرچونی رۆژنامەکەو باری دەرچون و چارەنوسی کردووه.

لەئەنجامی لێکۆڵەرینەوەکەی دا دەڵێت:(هەتاو یەکەم رۆژنامەی سەربەخۆو کوردیی، حەوتۆی هەولێر، بەئەم تاکه ژمارەیەوه ـ پەرەییکی و نەله پەرە ونەکانی رۆژنامەنوسی کوردیی مەملەکەتی عێراقی عەرەب، تاقی کردنەوەیەکی رۆژنامەنوسیی کوردانێکی باشووره

کەوشەی شەریف و رۆژنامەنوسیی پاکیان کردبووە دەسکەلاو مەبەست بۆ خزمەتی رۆشنبیریی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و یەکێتی رۆڵەکانی (عێراقی خۆشەویست)، بەتایبەتی ١٢ساڵ بوو چەرخی رۆژنامەنوسیی لەهەولێردا لەکارخرابوو.

هەتاو لەکەش و بارورۆژگارێکی دژوارو سەخت و ناسکدا، خوێندەوارانی هوشیار دەکردەوە، کێشەسیاسییەکانی دەخستەروو. رووبەرووی کێشەی نوسین و چاپ کردن بووەوە بۆیەکا رووی کردە سلێمانی، لەوێ پیرەمێردی رۆژنامەوانی گەورە بەپیریەوە چوو، پشتیوانی لێ کرد.

لێکۆڵەر لە زنجیرە (١٦)دا، هونەری درامای کوردیی تاوتێکردوە، لەسەرەتادا لەبارەی هونەرەجوانەکانی سەدەی بیستەم دواوە کە پەیوەندی بەزانستی پیشەو تەکنەلۆژیاوە هەیە و دەنگ گەیشتوەتە کوردستان، مامۆستا کەمال محەمەد لەشەستەکاندا تێکەڵ بەم هونەرە بووە و وەك دەروێشێك عەودالی خستنە رووی سەراپا نهێنییەکانێتی، لەبەشی یەکەم دا، بەنێوی سەرنجێکی خێرا لەهەڵکەوتنی رادیۆی کوردیی، باسی رۆڵی مارکۆنی marcone ی زانای ئیتالی کردووە کەلە ١٩٣٧ دا دەزگەی بێتەلی داهێنا، هەر ئەمەش بووە هۆی هەڵکەوتنی رادیۆ radio ، لەنێوان سالانی (١٩٢٧ــ١٩٤٠)، نزیکەی ٢٥ ولات خاوەنی رادیۆ بوون، لەحوزەیرانی ١٩٣٦ دا ئیستگەی بێ تەلی عێراق (دار لأذاعة اللآسلكية العراقية)ە دامەزرا، بەرنامەکانی بلاو کردەوە بەزمانی عەرەبی، لەرۆژی یەکشەمە، ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩دا ، لەنێوان ١٠ـ١٥ دەقیقەدا، رۆژانە، (بەرنامەی کوردیی زبان)بۆ دەنگ و باسەکانی گێتی و نێوخۆو گۆرانییەك بلاو دەکرایەوە.

وێستگەی بێ تەلی عێراق ـ رادیۆ ـ لەسەرەتادا سەر بەوەزارەتی ئامووشۆو بە چاودێری وەزارەتی نێوخۆبوو، دواتر، بەتایبەتی لەدووەم جەنگی گێتییەوە خراوەتە سەر دەزگەی گشتیی پروپاگەندەی سەربەوەزارەتی نێوخۆ، راوێژکاری وەزارەتەکە مێجەر ئێد مۆنز edmondiz ی کوردی زان سەرپەرشتی بەشە کوردییەکە، بگرە، لەرۆژگاری ئەو جەنگەداو لە دوورەوە ـ رەنگبێ سەرپەرشتی بەشە عەرەبییەکەی کردبێ، دوای نەمانی جەنگی دووەم لە ١٩٤٥، لەسەرەتای ١٩٤٦ باری بەرنامەکانی کوردی گەشەی کرد، ماوەکەی زیاتر کرا، بوار

به گۆرانیبێژەکان درا گۆرانی لەوێ بڵاوبکەنەوە، لێکۆڵەر دەڵێت: تا ١٩٨٥/٧/١٤ (بەشی کوردیی رادیۆی بەغداد)هەموو جۆرە بەرنامەو گۆشەو ئاهەنگ و هەواڵ ولێدووان و گوتارو هونەری رۆژنامەنوسیی هەوایی بەخۆوە دیتوە.

لە١٩٥٠ دا (تیپی تایبەتی تەمسیل ـ دراما)ی کوردیی لەم رادیۆیە ـ بە کرێی هەفتانە دروست بوو.

دواتر لێکۆڵەر تاریفی دراما ـ نمایش ـ ی رادیۆیی کردووە و باسی بنچینەی درامای رادیۆیی کوردیی کردووە.

ئەوەی لەم خوێندنەوەیەدا بووە مایەی تێرامانم، مامۆستا کەمال محەمەد رەئوف لەکارە رۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوەکانی دا ئەوەندە بەوردی و چڕی و پڕشۆر دەمێنێت، وەلامی سەرجەم پرسیارەکان دەداتەوە و دەیان پرسیاریش لای خوێنەر دەوروژێنێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزمونە قوڵەی، کەبەو عەشقە گەورەوە عەودالی گەڕان و پشکنینە، ماندووبوون نازانێ، هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوە کەکارەکانی پڕە لەبەرهەمی گۆڕانکاری و داهێنەرانە.

لەبەشی دووەم دا رۆڵی رادیۆی کوریی و هەڵکەوتنی پێوەندیی هونەرانەی هەڵسەنگاندوە، کەڕادێۆی کوردیی لە بەغداد بوەو دوور لەکوردستان گەشەی کردووە، گوێگرەکان، رۆشنبیرەکان، هونەرپەروەرەکان لێی نزیك بونەتەوە.

لێکۆڵ چەندان چالاکی ئەو رادیۆیەی بەوردەکارییەوە خستوەتە روو، دواتر باسی هەرسێ تیمەکەی (سالح یەحیا، شەماڵ سائیب، رەفیق چالاك) ی کردووە لەگەڵ ئەو کارو چالاکییانەی کە ئەنجامیان داوە.

لەپاشکۆدا بۆ(وێنەی درامای رادیۆیی) دەقێکی (ئامۆژگاری مایکرۆفۆن) لە نوسینی رەفیق چالاك لە١٩٥٢/٢/١١ بەناوی (شەکراو خواردنەوە) خستوەتە روو لەدوا زنجیرەدا، کەزنجیرەی (١٧)ەیە، لێکۆڵەر ئاماژەی بەوە کردووە، کەیەکەم ئۆپەرێت لە ساڵی١٩٢٧ دا بەنێوی دلێران ەوە لەلایەن شاگردانی قوتابخانەی یەکەمی سلێمانییەوە پێشکەش کراوە، بنچینەی بابەتەکەشی پەخشانێکی فرانسەوی وەرگێردراوی رۆشنبیری نەتەوە پەروەر مەحمود

جەودوتە کە نوریی شێخ ساڵحی شاعیر خستویەتە قاڵبی هۆنراوەی سروودی نیشتمانیی و مامۆستایەکی موسیقەی سوپایی و فێرکەری شاگردانی قوتابخانەی یەکەمی سلێمانیی عەبدلواحیدی ئاغا مستەفای کۆیی لەسەر ئاوازی فارسیی بێگانە (دیشب کە مرا وضع وطن در نظر آمد/دوێ شەو کە ئێمە باری نیشتمانمان هاتە بەرچاو)، گۆران رابەری ئەدەبی ئۆپەرێت ئاماژەی بەوە کردووە کەکارە یەکەمەکەی نوری شێخ ساڵح، لەو ڕۆژگارەدا، وێنەیەکی کەڵك بەخش بووە بۆ ئەدەبی کوردیی، بەڵام ئەو و پیرەمێرد و ڕەشید نەجیب کەلە ئەدەبییات و هۆنراوەی نوێخوازدا لەڕیزی رابەرەکان بووە، وەك (عبداللە گۆران)ی شاعیری نوێخواز، کارامەو بەگوڕ نەبوون ـ تاسەر ـ بۆ ئەدەبی ئۆپۆرێت کە هەنگاو بە هەنگاو بۆی چوەو تێی گەیشتووە.

لای لێکۆڵەر، یەکەم هەنگاوی گۆران بە دامەزرێنی ئەم ئەدەبە دادەنێ، بۆ نمونە (گوڵی خوێناوی) لە ساڵی ١٩٣٤ تاساڵی ١٩٤٦ لەسەر شانۆکانی سلێمانی و هەولێردا، بە شێوەی وتووێژە ـ دیالۆگ ـ ی شانۆیی پێشکەش کراوە لە ١٩٥٠ ئەوجا بەدەنگی ـ تاکی ـ مەحمود محەمەد بە ئاوازی ڕەفیق چالاك بە شێوەی (گۆرانی) لە رادیۆی کوردیی عێراقدا تۆمارو بڵاوکراوەتەوە .

لێکۆڵەر پێی وایە ئەو دەمەی گۆران و ڕەفیق چالاك لە ١٩٤٢ ـ ١٩٤٥ لە ڕادیۆی یافادا گۆرانکاریەکی زۆری لایان دروست کردووەن، دواتر گۆران (ئاهەنگێك لە ناوڕان) لەبەهەشتی یادگار ـ ١٩٥٠ دا بڵاوکراوەتەوە. لە١٩٥٣ گۆران (ئۆپەرێتی ـ ئەنجامی یاران) بڵاوکردۆتەوە، لە ١٩٥٩ (ئۆپەرێتی ئەنجامی ئەژدەهاك)ی خستوەتەروو، هەر١٩٥٣دا چەند هۆنراوە شانۆییێك پەردەیی و کورتە نوسراوانەی بڵاوکردۆتەوە وەك (ماستاو، جۆقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، جق و نق) کەبۆ (ئۆپەرێتی گاڵتەجاڕی رادییی) دەست دەدەن، کەهێشتا کاری هونەریان لەسەر نەکراوە، دواتر لێکۆڵەر باسی ئۆپەرێتی دڵداریی کوڕە شوانی کامەران موکری کردووە، کەیەکەم ئۆپەرێتی رادیۆیی یە، بۆئەمەش دەقی (دڵداریی کوڕە شوان)ی بڵاوکردۆتەوە.

دواتر بۆ دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەی (٣٩) وێنەی جۆراوجۆری بەناوی (ئەلبومی ناسراوان)ەوە بڵاوکردۆتەوە.

لەدوابابەتی لێکۆڵینەوەکەدا (بەڵگەکانی دۆسیەکان)، (بەڵگەنامە، مۆرنامە، چاپەمەنی) خستوەتەروو.

دەستەواریێ نان بۆ مێژوو، ئەو لێکۆڵینەوە دەگمەنە قوڵ و چڕوپڕەیە، کەبەشێوەیەکی نوێی ڕۆژنامەوانی تۆمارکراوەو یەکێکە لەبەرهەمە دانسقەکان، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکات، دەبێتە ڕێچکەیەکی نوێ بۆ ئەوانەی کەدەیانەوێ لەو بوارە جیاجیانەدا لێکۆڵینەوەی نوێ و هاوچەرخ بنوسن، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندیشە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ لەو بوارەدا (نامە) بەدەست بهێنن.